

## نامدار قەرەداغی:

## کۆبوونەوەی هونەرمەندان لە ئەوروپا کارێکی ئاسان نییە.. لە کردنەوەی بەشی مۆسیقای ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانیش هیچ پرسێکم پێ نەکرا.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٤ - ٥)**

* نامدار عومەر عەبدولڕەحمان، کە لە کوردستان بە نامدار قەرەداغی ناسراوە، هونەرمەندێکی دیاری بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردییە، هەر لە منداڵییەوە هۆگری هونەری موزیک بووە، سەرەتا بە شمشاڵ و تەپڵی شەربە دەستی پێ کردووە. لە ساڵانی شەستەکاندا بە ڕێکەوت ئامێرێکی کەمان لە دووکانی فرۆشتنی پۆشاک، لەلای هونەرمەندی ناسراو (عومەر عەلی ئەمین) دەبینێ و بە نۆ دینار و نیو لێی دەکڕێ، لێرەوە گۆڕانێکی گرنگ لە ژیانی هونەریی ئەودا دروست دەبێ، ئەم وەرچەرخانە لەو کاتەوە ڕوودەدا کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ دەچێتە تیپەکەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، کە هونەرمەند شەوکەت ڕەشید سەروکاری ئەو تیپی مۆسیقایەی کردووە، دوای ماوەیەک دەبێتە ئەندامی کۆمەڵ، بۆیە هەموو ڕۆژێک هاتوچۆیان دەکات و لەگەڵ ئەندامانی تیپەکە خەریکی ڕاهێنان دەبێ، زۆر نابات دەبێتە جێگری شەوکەت ڕەشید، دوای نزیکەی دوو ساڵ، واتە لە ساڵی ١٩٧١ دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵ و لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرۆکی تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، لەو ڕۆژەوە زۆربەی هەرە زۆری کار و چالاکییەکانی تیپەکە، ئەم هونەرمەندە بۆ گۆرانیبێژەکانی ئامادە و دابەش کردووە، ئاوازیشی بۆ هەندێکیان داناوە.

* چەند ساڵێک لەو تیپەدا دەمێنێتەوە، تا دەگاتە ساڵی ١٩٧٧ کارێکی زۆر دەکات، بەڵام

لەم ساڵە بەدواوە، وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای مەولەوی، بە هەڵبژاردن دەبێتە سەرۆکی تیپەکە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢ هەرچی کار و چالاکییەکی هونەریی ئەو تیپە هەیە جێبەجێیان دەکات، ئاواز بۆ گۆرانیبێژەکان دادەنێ و گۆرانییان بۆ ئامادە و دابەش دەکات، بەوەشەوە ناوەستێ، کە لە قوتابخانەی بێخود دەبێتە مامۆستا، تیپێک بەناوی (تیپی منداڵانی بێخود) دادەمەزرێنێت و نزیکەی (٧٠) منداڵ لەو تیپەدا کۆ دەکاتەوە، هەر لە ڕێگەی ئەو تیپەوە خزمەتێکی بەرچاو بە منداڵانی کورد دەکات، بەهۆی ئەو تیپەشەوە دەیانهێنێتە نێو دنیای هونەرەوە، ئیدی لەم تیپەدا دەست بەکار دەبێ و خزمەتێکی زۆری هونەری کوردی دەکات.

* ئەم هونەرمەندە کە بەهۆی وەزیفەکەی باوکییەوە لە شاری هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٥١ لەدایک بووە، دوای ساڵێک بەماڵەوە دەچنەوە سلێمانی، هەر لەو شارەدا دەخرێتە بەر خوێندن، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی: (فەیسەڵییە) و (بێخود) و (ئەمین زەکی) لە ساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٦٣ تەواو کردووە، هەر لە سلێمانی ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٦، خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٦٩، لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی دەخوێنێ، هەر لەو ساڵەدا پێوەندی بە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە دەکات. ساڵی ١٩٧٧ تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەمەزرێنێ، لە پاڵ کارەکانی خۆی لەو تیپەدا، لە ٢٠/ ٥/ ١٩٧٧ تیپی منداڵانی بێخود دادەمەزرێنێ، تیپی مەولەوی کە لە شەقامی مەولەوی، لەناو بیناکەی تۆفیق قەزاز بووە، بە درێژەپێدەری تیپەکەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی دادەنرێ کە ڕێک لە ١٩٦٩/١٢/٣١



نامدار قەرەداغی- ئازاد عەبدولواحید

دامەزراوە، بۆیە ئەندامەکانی تیپی مەولەوی، هەر ئەو ئەندامانەن کە پێشتر لە تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لەگەڵی بوون و ئەم تیپە نوێیەیان دامەزراندووە، کە پێشتر ئەندامەکانی بە هۆکاری کارگێڕی و هونەری، لە تیپەکەیان جیابوونەتەوە و تیپێکی سەربەخۆی نوێ، بە ناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەنێن.

* بیرۆکەی دروستکردنی ئەو تیپە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ـەوە لەلایان چەکەرەی کردووە، لەوکاتەوە کەوتوونەتە خۆیان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ تیپە نوێیەکەیان، دوای ئەو هەوڵە بەپێی نووسراوی کارگێڕی کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و هونەرەکان- فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی- بەڕێوەبەرێتیی پێوەندییە گشتییەکان - ژمارە ١١٦٢٤ لە ١٩٧٨/٦/٨ و نووسراوی ئەمینداریێتیی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوان، ژمارە ٣٦٦٥ لە ٢٠/ ٦/١٩٧٨، نووسراوی بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی جەماوەر لە سلێمانی، بە ژمارە ٥٥٨ کە لە ١٩٧٨/٦/٢٥ دەرچووە. ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای مەولەوی (٥) کەسن، لە سەرووی هەموویانەوە (نامدار عومەر عەبدولڕەحمان قەرەداغی، ولیەم یۆحەننا خنانیشۆ، عەلی حەمەڕەزا، عەبدولڕەحمان محەمەد

قەدری، مستەفا عەبدولڕەحمان) بوون. دوای وەرگرتنی مۆڵەتەکە، ئەندامی نوێ وەردەگرن. ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٧ بە پێی پەیڕەوی ناوخۆیی، یەکەمین هەڵبژاردنی تیپەکەیان دەست پێ دەکات، لەو هەڵبژاردنەدا نامدار عومەر قەرەداغی دەبێتە سەرۆکی تیپەکە، حسێن ئەحمەد خدر دەبێتە سکرتێر، عەلی حەمەڕەزا دەبێتە ژمێریار، حەمەسەعید عەبدوڵڵا و سەڵاح مەجید ڕەسووڵ دەبنە ئەندامی دەستەی کارگێڕی، مەحموود محەمەدسەعید و عەبدولڕەحمان محەمەد قەدری دەبنە ئەندامی یەدەگ.

* تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و تیپی مەولەوی و تیپی منداڵانی (بێخود) لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ەوە تا ئێستا لە زۆربەی ئاهەنگەکانی بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی بەشدار بوون. ساڵی ١٩٧٤ لە یەکەمین میهرەجانی هونەری کوردی لە بەغدا، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی تێیدا بەشدار بوو، چالاکییەکانیان هەر بە شارە گەورەکانی کوردستان نەوەستاوە، بگرە زۆرجار ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقایان بردووەتە شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەوانە: هەڵەبجە، دەربەندیخان، قەرەداغ، چوارتا، قەڵادزێ، عەربەت و تاد.. لە ساڵی ١٩٧٧ەوە بەناوی تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، دواتر لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ بەناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی، لە ڕۆژی جیهانیی مۆسیقادا بەشدارییان کردووە، بێجگە لە ئاهەنگە بەردەوامەکانیان لە شاری سلێمانی و شارۆچکەکانی دەوروبەری، بەردەوام لە شاری هەولێر و کەرکووک و بەغدا و مووسڵ ئاهەنگیان گێڕاوە.

* لە شاری سلێمانی لە زۆربەی ئاهەنگەکاندا هاوکاریی مەڵبەندی لاوانی سلێمانی، کارگەکانی جگەرە و شەکر، یەکێتیی مامۆستایان – لقی سلێمانی، یانەی فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی و سەندیکای ئەندازیارانی سلێمانی و منداڵانی بێ دایک و باوک (میتم)یان کردووە، تەنانەت لە سلێمانی ئاهەنگییان بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی سیل گێڕاوە، ئەم کارانە نیشانەی بوونی گیانی هاوکاری و پێکەوەیین کە بە فراوانی و لەسەر هەموو ئاستەکاندا، لەگەڵ تیپەکانی ناو شاری سلێمانی، بە مەبەستی بەرەوپێش بردنی هونەری کوردی بووە، لەم ڕووەوە هیچ درێغییان نەکردووە و دەستی هاوکارییان بۆ هەر تیپێک درێژ کردووە کە داوای یارمەتییان لێیان کردبێ، هەمیشە نموونەی هاوکاریی نێوان هونەرمەندەکان و تیپەکان بوون، هەموو ئەوەشیان هەڵقوڵاوی گیانی نەتەوەیی بووە و لەپێناوی بووژانەوە و بەرەوپێش بردنی زیاتری هونەری کوردی ئەو کارانەیان کردووە.

* نامدار قەرەداغی هەر لە ساڵی ١٩٦٩ەوە کە پێوەندی بە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە کردووە، سەرەتا وەک کەمانچەژەنێک، دواتر وەک ئاوازدانەر و ئامادەکار و دابەشکار، کاری پەروەردەیی و کارگێڕیشی کردووە. ساڵی ١٩٧٢ سەرەتا بە گۆرانییەک بۆ هونەرمەند عوسمان عەلی دەستی پێکردووە و (شەوی بەرات)ی بۆ ئامادە و دابەش کردووە، دوابەدوای ئەوە گۆرانی (شەوانی شوانی) بۆ هونەرمەند سەڵاح مەجید ئامادە و دابەش کردووە. هەر لەو سەرەتایەوە (٣) گۆرانی بۆ عوسمان عەلی و (٤) گۆرانی بۆ سەڵاح مەجید و (٣) گۆرانی بۆ حەمەی نێرگس و (٢) گۆرانی بۆ عوسمان شارباژێڕی، (٢) گۆرانی بۆ حەمە جەزا، (٢) گۆرانی بۆ نیاز نووری، (٣) گۆرانی بۆ کۆرس ئامادە و دابەش کردووە، دواتر کاری بۆ گۆرانیبێژان: ئیبراهیم سەعید، ئاوات فایق، پرتەو عەبدولعەزیز، کاژاو شەوکەت، مەحموود محەمەدسەعید، ئەحمەد

محەمــەد، نیشــتمان محەمــەد غەریــب، عەلــی محەمەدئەمیـن، ئەحمـەد محەمەدڕەشید، حەمەڕەئـووف عەبدوڵـڵا، عەلـی محەمەدئەمیـن، خـەڵات خالیـد دلێـر، کەمـال ئەمیـن، ئـاری عـارف، پەیمـان عومـەر، جۆرج ئاشـووتی کـردووە و بـۆ هەریەکەیـان گۆرانییەکـی ئامـادە و دابـەش کـردووە. سـاڵی ١٩٧٩ ئۆپەرێتـی رووبـار کـە (ع. ع. شـەونم) بـە دەسـتکارییەوە وەری گێـڕاوە، ئـەم ئـاوازی بـۆ دانـاوە و دابەشـی کـردووە. لـە تیپـی میللیشـدا، سـاڵی ١٩٧٨ (٤) گۆرانـی بـۆ دارا محەمــەد هەورامــی و (٣) گۆرانــی بــۆ کەریـم خەمزەیـی و گۆرانییەکـی بۆ هەریـەک لـە هونەرمەنـدان عوسـمان کەیمنەیـی و سـیروان هەورامـی ئامـادە و دابـەش کـردووە. ئـەو گۆرانیانـە بەشـێکی زۆریـان شـیعرەکانیان فۆلکلۆریـن، ئەوانـی دیکەیـان شـیعری شـاعیرانی ناسـراوی وەک: مەدهـۆش، نـووری وەشـتی، قـادر برسـی، عوسـمان شـارباژێڕی، ماجیـدی خەیـات، ئەحمـەد محەمـەد، ڕەووف حەسـەن، دڵشـاد مەریوانـی، شێخ ئەنوەر، شـێخ سـەلام، سـالار قەرەداغـی، نامـدار قەرەداغـی بـوون.

* لـە بـواری کارکـردن لـە سـروودی کوردیـدا زۆر کاری جوانـی کـردووە، چونکـە هـەر زوو کاریگـەری ئـەو سـروودانەی بەسـەر تاکەکانـی کۆمەڵـی کوردەوارییـەوە زانیـوە. یەکـەم جـار سـاڵی ١٩٨٠ لـە سـلێمانی بـە نهێنـی چەنـدان سـروودی نیشـتمانی لەلایـەن تیپـی منداڵانـی بێخـود بـۆ هونەرمەنـد ناسـری ڕەزازی تۆمـار کـردووە، کـە لـەو سـەردەمەدا خـۆی سـەروکاری ئـەو تیپـەی کـردووە، پاشـان سـروودەکان لـە ڕادیـۆی شـۆڕش بـۆ هەمـوو کوردسـتان بڵاوکراونەتـەوە، ئـەو سـروودانە تـا بـە ئەمڕۆکـەش دەگات نـاو بـە نـاو بـڵاو دەبنـەوە و کاریگەریـی خۆیـان بەسـەر هەسـتی نەتەوەیـی گوێگرانـەوە هەیـە، سـروودەکانیش بریتیـن لـە (مـن پێشـمەرگەی کوردسـتانم)، (ئـەی شـەهیدان)، (دایـە ماڵئـاوا)، (هیـوا هیـوا)، (وڕ و کاس و سـەرگەردانم)، (تـا بمێنـێ نـووری چـاو و هێـزی پێـم)، (کارگەریـن جەنگاوەریـن)، (سـەدەی بیسـتەمە)، (مـن ئـەو دیلـەم)، (ساڵێکی تریـش وا داهاتـەوە)، (دەمـی ڕاپەڕینـە) بـوون، سـەرجەمی ئـەو سـروودانە لـە ئامـادە و دابەشـکردنی ئـەو هونەرمەنـدە بـوون، سـروودی (هیـوا هیـوا)ش خۆی ئـاوازی بـۆ دانـاوە و ئامـادە و دابەشـی کـردووە.

* کاتێک بڕیار دەدا بچێتە دەرەوەی وڵات، سەرەتا لەڕێـی هاوڕێیەکـی خـۆی کـە لـە ڕێکخسـتنەکانی نـاو شـاری سـلێمانی کاری کـردووە، ئەویـش بەهـۆی چاوساغێکەوە بـەرەو ناوزەنـگ بەڕێـی دەکا، لەوێـوە بـەرەو ئێـران دەچـێ، لـە ئێـران مـاوەی چەنـد مانگێـک لـە پارکـی ئیـرەم خـۆی و (١٢) هاوڕێـی دەستبەسـەر دەکرێـن، کاتـێ بەڕێکـەوت کاوەی شـێخ لەتیـف بـەم هەواڵـەی زانیـوە، بـە ئێرانییـەکان دەڵێ ئەوانـە عایـدی خۆمـن، بۆیـە ئەوانیـش پێیـان دەڵێـن لـە پارکـی ئیرەمـەوە بـەرەو کـەرەج بـڕۆن، لـەوێ پارکێـک هەیـە، لـەو پارکـە، لـە مـاوەی هەفتەیەکدا موعامەلەیـان بـۆ تـەواو دەکـرێ، پێشـیان دەڵێـن ئەگـەر ئـەو پیـاوە کەفالەتـی ئێـوەی نەکردبـا، نیازمـان وابـوو تـا کۆتایـی شـەڕی عێـراق- ئێـران وەک دەستبەسـەر لـەلای خۆمـان گلتـان بدەینـەوە، پاشـان دەدرانـە دادگای شۆڕشـی ئێـران، بـەڵام لەبەر ئـەوەی ئـەو لـەلای ئێمـە پیاوێکـی گـەورە و پیـرۆزە، بۆیـە لـە ئێـوە خـۆش بوویـن و ئێسـتا دەتوانـن بـڕۆن، کـە ڕۆیشـتوون، بەترانزێـت شـەوێک لـە ڕۆمانیـا ماونەتـەوە و لـە ڕێگـەی هێڵـی ئاسمانییەوە بـەرەو (ئەمسـتردام)ی پایتەختـی هۆڵەنـدا چـووە.

* لـە سـاڵی ١٩٨٢ کـە دەگاتـە دەرەوەی وڵات و وەک پەناهەندەیـەک لـە وڵاتـی هۆڵەنـدا دەگیرسـێتەوە، پـاش هەفتەیـەک تیپێکـی گۆرانـی و مۆسـیقا و هەڵپەڕکـێ و نوانـدن دروسـت دەکات

و ناوی (تیپی هونەری ئاوارە)ی لێ دەنێ، بە هۆی چالاکییە هونەرییە زۆر و بەردەوامەکانی، لە شارەکانی هۆڵەندا زۆر زوو ناو و ناوبانگ دەردەکەن، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە بەناوبانگەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا زۆر چالاکی دەنوێنن و بەرنامە پێشکەش دەکەن. ساڵی ٢٠٠١ لە هۆڵەندا قوتابخانەی مۆسیقای (نامۆ) بۆ منداڵان و گەوران دادەمەزرێنێ، لەم قوتابخانەیەدا تیپی مۆسیقای نامۆ دروست دەکات کە کار و چالاکییەکانی لەو شوێنەدا زۆر و بەرچاون، هەر لەو ساڵانەدا چەندان جار لە تەلەڤزیۆنی (مێد تیڤی) و (ڕۆژ تیڤی) بە لایڤ پرۆگرام پێشکەش دەکەن. لە هۆڵەنداوە بەشداری لە پێشبڕکێی مۆسیقا دەکەن، هەر ئەو کاتەش دوو ڤیدیۆ کلیپ بۆ منداڵان دەردەکات.

* کارە هونەرییەکانی نامدار قەرەداغی لە ناوەوەی وڵات چەند زۆر و بەردەوامبوون، لە دەرەوەی وڵاتیش هەرگیز لە چالاکیی هونەری دانەبڕاوە و دوور نەکەوتووەتەوە، بۆیە کە گەیشتووەتە ئەوێ، کۆڵی خەمی نەتەوە و هونەر و داهێنانی هەر بە کۆڵەوە بووە، دوای هەفتەیەک کە تیپی هونەری (ئاوارە)ی داناوە، ئەو تیپە لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٩٦ لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای وەستانی تیپەکەش، کە لە ساڵی ٢٠٠١ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ ئەو چالاکیانەی هەبووە، ئیتر بەرەو کوردستان گەڕاوەتەوە. لە ماوەی (١٥) ساڵدا لە ڕێگەی تیپی (نامۆ)وە درێژەی بە کاری هونەریی خۆی داوە، ساڵی ١٩٨٣ تیپی ئاوارە کاسێتێکی سروودی نیشتمانی دەرکردووە، هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە هەر لە ئاوازەوە تا ئامادەکردن و دابەشکردنیان ئەم هونەرمەندە خۆی جێبەجێی کردوون. دوای دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کاسێتە، ئەم جارە لەگەڵ تیپێکی هۆڵەندایی بەناوی ئیکس دەردەکەون، لەو ماوەیەشدا ئەو تیپە چالاکە بەشداری چەندان کۆنسێرت و فیستیڤاڵ دەکات و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەوروپا میهرەجان و چالاکیی هونەری و سیاسی دەکەن. لە ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٩١ کۆنسێر ڤاتۆریۆم کە لە هۆڵەندا بەرزترین خوێندنی پراکتیکی مۆسیقایە، بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات، دوای ئەو خوێندنە، لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ وەک مامۆستا لە قوتابخانەیەکی هۆڵەندی دامەزراوە و لە چەندان قوتابخانەی ئەوێ وانەی هونەری گوتووەتەوە.

* ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق بووە، لە ساڵی ١٩٨١ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢ کە چووەتە دەرەوە، لە سلێمانی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای هونەرمەندان- لقی سلێمانی بووە. لە دەرەوەی وڵات، ساڵی ١٩٨٣ کاسێتێک بۆ (دەلال) گۆرانیبێژی کوردی باکوور لە ئەڵمانیا دەردەکات کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە، لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. ساڵی ١٩٨٦ لە کەنەدا کاسێتێکی بۆ نووری مام برایم دەرکردووە کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە، لە ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە، یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەم کاسێتە شیعر و ئاوازی خۆی بووە. ساڵی ١٩٨٨ بەبۆنەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە سەمفۆنیای هەڵەبجەی داناوە، کە ئاواز و دابەشکردنەکەی هەر هی خۆی بووە، لە تیپی سەمفۆنیای ڕوچیتی- هۆڵەندا ساڵی ١٩٨٨ پێشکەش کراوە، دواتر کۆڕاڵی (ئازیز چاوەکەم) و کۆڕاڵی (گیانی شیرین) لە هەڵبەستی خۆی و فۆلکلۆر، ئاواز و دابەشکردنی خۆی، لە ڕێگەی تیپی کۆڕاڵی هلڤەرسوم کۆنسرڤا تۆریۆم پێشکەش کراوە.

* کاره هونەرییەکانی هونەرمەند نامدار قەرەداغی لە دەرەوەی وڵات زۆرن، لەوانە: لە ساڵی ٢٠٠٥، سەرجەم کاره هونەرییەکانی کۆنسێرتێکی هونەریی تیپی هونەری نامۆ لە هۆڵەندا دەگرێتە ئەستۆی خۆی، کۆنسێرتی ٢٠٠٧/١٠/٧ لە هۆڵەندا، کە بریتی بووە لە پارچە مۆسیقای ئاوێزان، ئاواز و دابەشکردنی خۆی و ئۆرکێستی سەمفۆنی هەوایی ڤیلس کراخت ڕادەپەڕێنێ. گۆرانی (بۆ بێدەنگی)، پارچە مۆسیقای چەمی ڕێزان، ئاوازی حەسەنی نەی و ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی، هەروەها پێشکەشکردنی سروودی نیشتمانی هۆڵەندی و کوردی کە ئۆرکێستی ڤیلس کراخت لەگەڵ تیپی مۆسیقای نامۆ پێکەوە پێشکەشیان کردووە، ئەوەش لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. پێشکەشکردنی گۆرانی (هەی بێنن بێنن) کە شیعر و ئاوازی فۆلکلۆره، لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی، تارا ڕەسووڵ و نیاز شەیدا گوتوویانە، هەروەسا سەمفۆنیای هەڵەبجە لەگەڵ تیپی ئۆرکێستی ڤیلس کراخت، ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە.

* کۆنسێرتی ٢٠٠٩/١٠/١٠ لە هۆڵەندا، (٨) بەرهەمی هونەری لەخۆی گرتووە، لە هۆڵی ستاندس خهۆر زاڵ لایدن پێشکەش کراوە کە بریتی بووە لە گۆرانی و سروودی نیشتمانی لەوانە: سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب و سروودی نیشتمانی هۆڵەندی بە جیا و پێکەوە، گۆرانی ئەستێره نەکوژاوەکان (پەیمان عومەر)، گۆرانی (وەره قوربان)، (ناسری ڕەزازی)، کۆرسی لینگوا میوزیکا، گۆرانی (شیرین هەر لامە)، (نیاز شەیدا)، گۆرانی (شەش پەپوولەکە)، (دڵنیا ڕەزازی)، کۆراڵی لینگوا موزیکا (گەشتێک بە گۆرانییەکانی شەماڵ سائیب)دا، (گەشتێک بە گۆرانییەکانی عوسمان عەلی)دا، (دەشتی کەلهوڕی)، گەشتێک بە ئاوازە ڕەسەنەکاندا، (ناسری ڕەزازی)، سەرجەم ئەو گۆرانی و سروودە نیشتمانیانە لەلایەن تیپی ئۆرکێستی لایدن سمفۆنیتا و کۆراڵی لینگوا میوزیکا، لە ئاواز و ئامادە و دابەشکردنی نامدار عومەر قەرەداغی بوون.

* دیسان کۆنسێرتی ٢٠١٢/١١/٢٤، لە هۆڵی ستادس خهۆر زاڵ لایدن لە هۆڵەندا پێشکەش کراوە، لەو کاره هونەریانەش گۆرانی (ناکامی)، وتنی (ئونا سنتینا)، ئۆرکێستی راین لاند سەمفۆنی ئۆرکێست، گۆرانی (من هەم)، وتنی (نەجمەددین غولامی)، ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست، کۆراڵی کەنتیامۆ دێڵفت. پارچە مۆسیقای بێسنوور، ئاوازی ڕۆستینی، مۆزارت، ئەنوەر قەرەداغی، نامدار عومەر قەرەداغی ڕێکی خستووە و لە یەکی داوە و دابەشی کردووە و بە هارمۆنی کردووە. گۆرانی (ئامان میم گورجی)، وتنی (پەیوەند جاف)، ئۆرکێستی ڕاین لاند سەمفۆنی ئۆرکێست و کۆراڵی مۆڵتی کولتی کۆر ڕۆتردام. ئۆپەڕێتی (گوڵی خوێناوی)، ئاوازی ڕەفیق چالاک، ئۆرکێستی ڕاین لاند سەمفۆنی ئۆرکێست و کۆراڵی مۆڵتی کولتی کۆر ڕۆتردام کە سەرجەم ئەو کارانە نامدار قەرەداغی سەرپەرشتی و ئامادە و دابەشی کردوون. کۆنسێرتی ٢٠١٣/١١/٢٤، گۆرانی (گەشتی هەورامان)، وتنی کۆراڵی کەنتیامۆ دێڵفت، ئۆرکێستی نامۆ لە هۆڵەندا. گۆرانی (زەماوەندە)، وتنی (پەیوەند جاف)، لەگەڵ ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست و کۆراڵی کەنتیامۆ دێڵفت. گۆرانی (شیرینێ)، وتنی شاخەوان و ولیسا ڤان ئارند. ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆراڵی کەنتیامۆ دێڵفت.

* لەو دوورەوە، لە دەرەوەی وڵاتیش پێشمەرگەی لەبیر نەکردووە و دڵی لەلایان بووە، بۆیە کۆنسێرتی ڕۆژی ٢٠١٦/٣/٥ بۆ پشتگیری پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعش تەرخان کردووە، ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆڕاڵی فۆکاڵ ئەنسەمبڵە ئەلەخریا، گۆرانی (ئالاپۆش)، لە شیعری ئەحمەد محەمەدە کە بۆ پێشمەرگەی نووسیوە و بە تایبەتی داویەتی بە ئەوان، وتنی مارتین ڤان ئۆس و ئێلن ڤان ئۆس، لەگەڵ پێشکەشکردنی سروودەکانی (ئەی شەهیدان، ئەی ڕەقیب، من پێشمەرگەی کوردستانم، وا وەتەن خەملیوە، خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم، خوایە وەتەن ئاواکەی)، کە سەرجەمی ئەو گۆرانی و سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بوون، کە ئەمە دوا کۆنسێرتی بووە لە ئەورووپا پێشکەشی کردبێ، دواتر گەڕاوەتەوە کوردستان و درێژەی بەکار و چالاکییە هونەرییە جیاواز و تایبەتەکانی خۆی داوە.

* لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦، لە شاری سلێمانی فێرگەیەک دادەمەزرێنێ و ناوی دەنێ (فێرگەی نامدار قەرەداغی بۆ فێرکردنی مۆسیقا) کە بە فەرمی لە ٢٠١٧/٢/٤ کراوەتەوە. ئەم فێرگەیە چەندان چالاکی بۆ منداڵپارێزی کوردستان و کەمپی عەربەت و نەخۆشخانەی هیوا پێشکەش دەکات، فێرگەکە بێجگە لە سلێمانی، دەیان کۆنسێرتی هونەریی ڕەسەنی کوردی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ساز کردووە لەوانە: هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، دەربەندیخان، چەمچەماڵ، قەرەداغ، هەروەها ئەم فێرگەیە لە زۆر چالاکیی هونەری و لە بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی و جیهانیدا بەشداری کردووە و بەلایڤ لە زۆر کەناڵی تەلەڤزیۆنی بەرنامەی پێشکەش کردووە و تا ئێستا لەسەر ئەو کار و چالاکی و بەرنامانەی بەردەوام بووە.

* لەمێژە وەک هونەرمەندێک شوێن پێی کار و چالاکییە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندەم هەڵگرتووە و ئاگاداری ئیشەکانی هەم، دوای ساڵی ٢٠١٦ کە بە یەکجاری گەڕایەوە کوردستان و لە سلێمانی گیرسایەوە و فێرگەیەکی بە ناوی خۆیەوە دانا، لەوساوە ویستوومە هەلێک بدۆزمەوە و گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەم و ئەو مێژووە پڕ لە سەروەری و چالاکی و بەخششە زۆرە بەسەر بکەمەوە، ئەوە بوو ساڵی پار توانیم ئەو ئەرکە ڕۆژنامەوانییە لە شاری سلێمانی بەجێ بگەیەنم و لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراواندا بەسەری بکەمەوە، با بە یەکەوە گەشتێک بکەین و سەرێک بەناو ئەو وێستگانەدا دابگرین و ئەو خەرمانە دەوڵەمەندەی شەنوکەو بکەین.

**ڕامان:** ئەم هاتوچوونەی ناسری ڕەزازی، کە گەڕایەوە ئێران و جارێکی دی هاتەوە سلێمانی، ئاسایی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نا، ئاسایی نەبوو، بە قاچاغ دەڕۆیشتەوە، سالاری برام و حەمەی ئاسنگەر گەیاندیان و تا لای بیارەیان برد، لەوێوە بە قاچاخیی دەریان کرد، ناسری ڕەزازی دووەم جاری بوو بگەڕێتەوە، جارێکی دی هەواڵی نارد کە دەمەوێ بگەڕێمەوە، ئەوە بوو گەڕایەوە، پاش ماوەیەک مەرزیە بە دڵنیای کچییەوە هاتن، دڵنیا تەمەنی یەک ساڵ بوو، هێشتا نەبووبوو بە یەک ساڵ.

**ڕامان:** ئەم جارە لە ماڵی کێ دابەزین؟

**نامدار قەرەداغی:** هەمیسان هەرسێکیان هاتنەوە ماڵی ئێمە، هەمان شت قەرەباڵغییەکە لە ماڵی ئێمەدا دروست بووەوە، ئەم جارە کە ناسری ڕەزازی هاتەوە، سالاری برام بردی بۆ لای عەلی مەردان لە بەغدا، چوو بۆ هەولێر و لەگەڵ حەمە جەزادا شریتێکیان تۆمار کرد، شریتەکە دەبووایە بڵاو نەبووایەتەوە، بەڵام بڵاوبووەوە، من دەزانم چۆن بڵاوبووەوە.

**ڕامان:** کاسێتە تۆمارکراوەکەی هەولێر، سیاسی بوو تا بڵاو نەکرێتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، سیاسی نەبوو، کاسێتێک بوو ناسری ڕەزازی دەچێ بۆ ماڵی حەمە جەزا، ئەویش بۆ ئەو شەوە مۆسیقاژەنی هەولێری بۆ کۆ دەکاتەوە، چونکە حەز دەکات بۆ خۆیان یادگارییەکیان بە تۆمارکراوی هەبێ، لەوانە مۆسیقاژەن چەتۆ نەوڕۆز و ئەو موزیکژەنە گرنگانەی هەولێری بۆ کۆ دەکاتەوە، میکرۆفۆنێک، دووانیان هەیە، بەسەر خۆیاندا دابەشی دەکەن و گۆرانی تۆمار دەکەن، شتەکە زۆر خۆش بوو، دەنگی حەمە جەزا تۆزێک لەوەی ناسری ڕەزازی کزتر دێتە بەرگوێ، چونکە میکرۆفۆنەکە زیاتر لە بەردەمی ئەو بووە.

**ڕامان:** ئەو کاسێتە بۆ یادگاری، یان بڵاوکردنەوە بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەم کاسێتە بۆ ئەوە نەبووە بڵاوبێتەوە، بەڵام بڵاوبووەوە، حەمە جەزا خۆی وای گوت، ئیتر کە بڵاوبووەوە، کاتێکم زانی هات بۆ لام، کردی بە بۆڵەبۆڵ، گوتی ئەوە کێ بڵاوی کردووەتەوە؟ گوتم من ئاگام لە بڵاوبوونەوەی نییە. چووین لێکۆڵینەوەمان کرد، دۆزیمانەوە چۆن بڵاوبووەتەوە، من ناوەکەی ناڵێم، بەڵام چۆنیەتی بڵاوبوونەوەکەی زانرا، ئیتر حەمە جەزا دڵنیا بوو کە ئێمە چۆن بڵاوبووەتەوە، چونکە ئەو ئەم کارەی زۆر پێ ناخۆش بوو.

**ڕامان:** بە نییەتێکی پاک بڵاویان کردبووەوە، یان مەبەستێکیان لە پشت ئەو کارەیانەوە هەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوەی لای من ئاشکرا بێ، نییەتەکە هەرچییەک بێ، دەبووایە بڵاو نەبێتەوە، بەڵام بڵاوبووەوە، خەڵکیش لە تۆمارگەکاندا پارەیان پێ پەیدا دەکرد. دووەم جار کە ناسری ڕەزازی هاتەوە، لەگەڵ سالاری برامدا بیرمان لەوە کردەوە و گوتمان ئێمە هەر کاتێ بۆ تەلەڤزیۆنی بەغدا دەچین، یان کە بەرهەمێک لە کەرکووک پێشکەش دەکەین، بەحاڵ بۆنی کوردایەتی لێ بێ، یان بەدڵیان نەبێ، کارەکانمان ڕەت دەکرێنەوە، باشە بۆ بە نهێنی کۆمەڵێک سروود و بەرهەمی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بە ناسری ڕەزازی تۆمار نەکەین؟ ئەو کەسێکە ڕەگەزنامەی ئێرانییە، بە جۆرێک بڵاوی بکەینەوە کەس نەزانێ کارەکە لێرە کراوە، کاتێک بڵاوی بکەینەوە کە خۆی لێرە نەبێ، کە بیرۆکەکەمان

پێـی ڕاگەیانـد، زۆری پـێ خـۆش بـوو.

**ڕامـان:** لـە تۆمارکردنـی بەرهەمەکانـی ئـەودا، ئێـوە دەتانتوانـی بـە حکوومـەت بڵێـن مەبەسـتی لـە کـوردی ئـەو دیـوە.

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، (ناسـری ڕەزازی)یش بیرۆکەکـەی زۆر بـەدڵ بـوو، لەگەڵـی ڕێـک کەوتـم، پاشـان بـە خـۆم گـوت چـۆن ئـەو سـروود و کارانـە تۆمـار بکـەم، بیـرم لـەوە کـردەوە ئەمـە زۆر مەترسـیدارە، ئێمـە لـە تیپـی مۆسـیقای مەولـەوی سـتۆدیۆمان هەبـوو، نەدەکـرا ئـەو کارە لـە تیپـی مۆسـیقای مەولـەوی بکەیـن، لـە سـەدا سـەدیش متمانـەم بـە هەموویـان نەبـوو، بیـرم لـەوە کـردەوە کـە مـن تیپـی منداڵانـی بێخـودم هەیـە، زیـاد لـە چـل پەنجـا منداڵـم لەلایـە کـە ژەنیـاری زۆر چاکـی تێدایـە، گوتـم بـا مـن لـەم چـل پەنجـا منداڵـە، دە دوازدەیەکیـان هەڵبژێـرم، کـە ژەنینیـان بـاش بـێ و متمانەشـم پێیـان بـێ، لەنـاو ئەوانـەدا دە دوازدە منداڵـم هەڵبـژارد.

**ڕامـان:** پێویسـتە نـاوی ئـەو منداڵـە بەهرەدارانـە ببەیـت و بـۆ مێـژوو تۆمـار بکرێـن.

**نامـدار قەرەداغـی:** نـاوی منداڵـە بەشـداربووەکان: ئـالان عـارف، جووتیـار عەلـی بۆسـکانی، کارزان قەرەداغـی، ئـەردەڵان کەمـال عیـزەت، بەیـاد محەمەدئەمیـن، دارا حەمەشـەریف، پەیجـۆر عەلـی شـەونم، باکـۆ عەلـی شـەونم، شـێرکۆ کەریـم، ڕێبـوار فائیـق، جەبـار محەمەد شـەریف، نەبەز نەسـرەددین.

**ڕامـان:** بـۆ تۆمارکردنـی سـروود و گۆرانییـە نیشـتمانییەکان پێویسـتت بـە کـۆرس هەبـوو، ئـەو لایەنـە گرنگـەت چـۆن چارەسـەر کـرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، مـن پێویسـتم بـە کـۆرس بـوو، ئەوانـەی وەک کـۆرس، یـان کاری چاودێـری و تەکنیکـی بەشـدارییان کـرد ئەمانـە بـوون: (شـۆڕش)ی بـرام هـەم کەمانچەژەنـە و هەم



**سلێمانی، هۆڵی چالاکیی قوتابخانەکان، (پێشکەشکردنی چالاکی ساڵانەی هونەر و وێژەی کوردی)، ٢٥- ٩ تا ٦- ١٠/ ١٩٧٦.**

**لە ڕاستەوە: قادر دیلان، عیزەت ئەحمەد.**

دەتوانـێ کۆرسـیش بـێ، هەرچەنـدە سـالاری بـرام قـەت گۆرانیبێـژ نەبـووە، لـە کۆرسیشـدا بەشـداری نەکـردووە، بـەڵام دەتوانـێ شـتێ بـە شـتێ بـکات، لەگـەڵ ئـەوەش لەوانەیـە ئەمـە بـەس نەبـێ، ئێمـە دەمانـەوێ سـروود بـێ، بۆیـە لـە تیپـی مەولـەوی بیـرم لـێ کـردەوە، گۆرانبێژەکانـم هێنایـە بەرچـاوم کـە کـێ زۆر متمانـەم پێیەتـی، دووان سـێیانێکیانم هەڵبـژارد، بەوانیـش و بەمانەشـم گـوت و کردمانـە نهێنـی، لەگـەڵ م. عـارف عەبدوڵـڵا و سـالاری بـرام و حەمـەی ئاسـنگەر و فەرەیـدوون فەرەج مەحمـوود و محەمـەد سـەعید جەمـال و کاوە قەرەداغـی بڕیارمـان دا لـە تیپـی مەولـەوی تۆماریـان نەکەیـن، بـە تۆمارکـەری ئەوێـش نەیکەیـن.

**ڕامـان:** بـۆ ئـەوەی ئاشـکرا نەبـن، چونکـە نەتانویسـتووە لـە تیپـی مەولـەوی کـەس پێـی بزانـێ؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، ئەوانـەی وەک کـۆرس، یـان کاری چاودێـری و تەکنیکـی بەشـدارییان کـرد ئەمانـە بـوون: سـالار و (شـۆڕش)ی بـرام، فەرەیدوون فـەرەج مەحمـوود، محەمـەد سـەعید جەمـال، ئیبراهیـم حەمـەی ئاسـنگەر، عـارف عەبدوڵـڵا، کاوە قەرەداغـی. چونکـە خـۆم لـەوێ مامۆسـتا بـووم و

ناوی تیپی منداڵانی بێخودم لێ ناوە، لە دەرەوە ژوورێکم هەڵبژارد، ئەگەر کەسێک بێتە ناوەوەی قوتابخانەکەش ئاگای لە دەرەوە نییە، لە حەوشەکە دوو ژووری تێدا بوو، ژوورێکم لێ هەڵبژارد و گوتم ئەمەیان باشترە، حەوشەیەکی گەورە بوو، منداڵان یەکی بەتانییەکیان هێنا و بە بەتانی ژوورەکەمان داکوتا و گرتمان.

**ڕامان:** بەو چلەی هاوینە، بەتانیتان لە ژوورەکە داکوتابوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، تۆمارکەرەکەی (حەمەی ئاسنگەر)یشمان دانا کە تۆمارکەرێکی گرۆندیکی هەبوو، میکرۆفۆنێکیشی لەگەڵ بوو، کە لایەکیشی باش ئیشی نەدەکرد، هاتم لەگەڵ (ناسری ڕەزازی)، (١١) سروود و گۆرانی نیشتمانیمان هەڵبژارد، مۆسیقام بۆ هەمووی دانا، ئەمانەم هەر لە ماڵەوە بۆ دابەش کرد، پێش چوونمان بۆ ئەو ژوورە، بەبێ ناسری ڕەزازی، ئەمانەم لە ژووری ئاساییدا بە منداڵان لەبەر کرد، بەبێ تێکست هەمووم پێ لەبەر کردن، دواتر چووینە ناو ستۆدیۆوە، ناسری ڕەزازی هات و لە دەرێ خەڵکمان بۆ چاودێری دانا و دەستمان بە تۆمارکردن کرد، بە چەند ڕۆژێک توانیمان هەمووی تۆمار بکەین.

**ڕامان:** تا کۆتایی ئیشەکانتان، هیچ کەسێک بەو کارەی ئێوەی نەزانی؟

**نامدار قەرەداغی:** لە کاتی خەریکبوونمان بە تۆمارکردنەکەوە، چەند جارێکە و چەند ڕۆژێک من بۆ تیپی مەولەوی نەدەچووم، ئەو نەچوونەم بۆ هەندێکیان بووبووە جێی پرسیار، کە بۆچی من لە تیپ دیار نیم، بۆچی مەولەوی وا چۆڵە، یەکێک لە هاوڕێکانمان کە ئێمە متمانەی لە سەتاسەتمان پێی نەبوو، دەبینێ ئێمە لە مەولەوی نین، ئەویش هەر دەگەڕێ و ئێمە نادۆزێتەوە، دێ چاودێریمان دەکات، لە قوتابخانەی بێخود، لە دەرگای سەرەکییەوە چاو لێ دەکات داخراوە و هیچ شتێک دیار نییە، هیچ دەنگێک نییە، دێتە دەرگاکەی ئەولاوە، لەوێوە هەر چاودێری دەکات، پێمان زانی کە ملەقوتەیەتی، گوتمان شتێک دەزانێ و خەبەری هەیە، هات بۆ ژوورەوە، سەیرە، هەر ملەقوتەیەتی، گوتم حەتمەن ئێمەی بینیوە.

**ڕامان:** هەر بەڕاستی ئێوەی دیبوو، یان گومانێک بوو لەلاتان دروست بووبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** گومان نەبوو، چونکە دوای ئەوە ڕێک چووم دەرگام لێ کردەوە، پێم گوت فەرموو؟ گوتی ئەوە ئێوە لە کوێن؟ گوتم پێویست ناکا تۆ ئەمە بکەی و چاودێریمان بکەی، ئێمە ئیشی خۆمان هەیە و من سەرقاڵم، ئەوەندە زۆر نییە من بۆ تیپی مەولەوی هاتووم، مانگ نییە، دوو حەفتە نییە کە هاتمە ئەوێ.

**ڕامان:** کە ئێوەی دۆزییەوە هاتە ژوورەوە، یان هەر لە دەرگاوە بەڕێت کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** بردمە ژوورەوە، مەبەستم بوو دۆخەکە بە چاوی خۆی ببینێ، گوتم ئێمە خەریکی ئیشێکی واین و لێرەش ناڕۆیت. پێویستمان بە کۆرس بوو، لە کۆرسەکە شتێکم پێ گوت، ئەوجا پێم گوت دەی بڕۆ خواحافیزت بێ. لە دڵی خۆمدا گوتم گریمان ئەگەر لە سەتا دەش نیازی بێ خەبەرمان لێ بدات، ئەوە خۆشی لەگەڵمان بووە و بەشێکە لە ئیشەکە.

**ڕامان:** بێجگە لە چاودێریکردنی ئەو کەسە و ملەقوتەکردنی، هیچ گرفتێکی دی بۆ تۆمارکردنی سروودەکان هاتە پێش؟

**نامدار قەرەداغی:** جارێکی دیکە پەرەسێلکەیەک خۆی کرد بە ژووردا، هەر منداڵ بوو دەیقیژاند

و ڕای دەکرد، ئەم پەرەسێلکەیە چۆن خۆی کرد بە ژوورەوەدا؟ دنیا ئەوەندە گەرم بوو، بە فانیلەی عەلاگەوە مۆسیقامان لێ دەدا، هەوا لە ژوورەکە نەما، چونکە چلەی هاوینە و ژوورەکە لە دەرەوەیە و بە بەتانی گیراوە، پەنجەرەش داخراوە. بەم شێوەیە تۆمارمان کردن.

**ڕامان:** دواجار تۆمارکردنی سروود و گۆرانییە نیشتمانییەکان بەو شێوە بوون کە خۆت ویستت؟

**نامدار قەرەداغی:** مەقامەکان و پێشەکی (من پێشمەرگەی کوردستان)م سالاری برام نووسییەوە، لە سروودی ئەی شەهیدان، ناوی شەهیدەکانی کوردی دیوی ئێرانمان تێکرد، بۆ ئەوەی نەڵێن ئەم کارانە لە کوردستانی لای خۆمان کراوە، ئیدی یەک دوو ناوی شەهیدی خۆشمان تێکرد، بەم جۆرە تێکەڵمان کردن، بۆ ئەوەی گومانمان نەیەتە سەر، ئەگەر بمانگوتایە ئەنوەری مەجید سوڵتان، ئەو کاتە زیاتر گومانمان لێ دەکرا، یەک دنیا ناوی شەهیدەکانی ئێرانمان تێکرد، کە ناسری ڕەزازی باش دەیناسین، لە شریتەکاندا ناوەکان ماون. ئەوانەمان کرد.

**ڕامان:** چۆن کاسێتە تۆمارکراوەکەتان بڵاوکردەوە، ئاخر ئەم کارەش گرنگە؟

**نامدار قەرەداغی:** دواتر بەدزییەوە زۆر دانەم لەبەر گرتەوە، تۆمارکەرم بردە ماڵەوە و بە کاسێت نوسخەم لێ زیاد کرد. دایرەی ئەمن ناسری ڕەزازی بانگ کردبوو کە دەبێ بچێ بۆ تەلەڤزیۆن تۆماریان بکا. هات لای ئێمە باسی کرد. پێمان گوت شتی وا نەکەی، ویستیان ئیشی خۆیانی پێ بکەن، ئیدی قەپاغی شریتەکانمان دەرهێنا و بە ڕووتی هێشتمانەوە، بەمەش بچووک بووەوە، بەکرەکەمان هەڵکردەوە، ئەوجا قەپاغەکەنمان لێ کردەوە و شاردمانەوە.

**ڕامان:** گوتم چۆن کاسێتەکەتان بەناو خەڵکیدا بڵاوکردەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** لە ڕێگەی ڕێکخستنی ناوخۆوە، بەدزییەوە ناردمان بۆ دەرەوە و بە هەندێک شوێندا بڵاومان کردنەوە، بەبێ ئەوەی کەس پێ بزانێ، خۆشمان تۆمارگەمان هەبوو، بەڵام لای ئێمە نەبوو، بەم جۆرە بڵاومان کردەوە، ئەوە بوو بە هەر چوارپارچەکەدا بڵاوبووەوە، دوای ئەوە شریتی دووەم مەقامات بوو، زۆربەیان لە ماڵی حەمەی ئاسنگەر لەگەڵ گۆران برایم خەیات تۆمارمان کردن، کە ئەویش لەگەڵمان کەمانچەی لێ دا.

**یەکەم دووکانی مۆسیقا لە سلێمانی کە هەبووبێ، ئەو تۆمارگەیەی من بوو کە ئامێر و کەلوپەلی مۆسیقای تێدا دەفرۆشرا.**

**ڕامان:** گۆران ئیبراهیم خەیات وەک موزیکژەنێک لە تیپەکەتاندا هاوکارتان بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** لە تۆمارکردنی کاسێتی یەکەمدا هەوکارمان نەبووە، ئەو بە هیچ جۆرێک بەوەیانی نەزانیوە.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ تیپەکەتان، تیپی مۆسیقای مەولەوی هاوکارتان نەبووە؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، نە لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، نە لەگەڵ تیپی مەولەوی، گۆران ئیبراهیم خەیات ئەندامێکی ڕەسمیی ئێمە نەبووە.

**ڕامان:** دیارە کەی ویستووتانە و ئیشتان پێی بووە، ناردووتانە بە دوایدا و هاوکاری کردوون؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، کەی ویستبێتمان هاتووە، هەندێک جار وەک موزیکژەنێک لەگەڵماندا هاوکار بووە.

**ڕامان:** ئەوە ئێستا لە کوێیە، کەوتە کوێوە؟

**نامدار قەرەداغی:** لە وڵاتی (دانیمارک)ـە.

**رامان:** بۆچی لە هیچ شوێنێک دیار نییە، ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ هیچ تیپێکی موزیک نابینرێ؟

**نامدار قەرەداغی:** لە ئاهەنگ و لە گۆرانییەکانی حەمە جەزادا، هەندێک ئیشی بۆ حەمە جەزا کرد، من لە هۆڵەندا بە تیپی سەمفۆنیای کۆراڵی هوڵەندا کۆنسێرتێکی گەورەم ساز کرد، یەکێک لە کۆنسێرتەکان یادی هونەرمەندە گەورەکان بوو، کە (برایمی خەیات)یشی تێدا بوو، بەوم گوت بێت دەوری خۆی ببینێت، ئەوە بوو هات، کەمانچەی لێ دا، تەقسیمێکی (بۆ ڕەنجەڕۆت کردم)ی کرد، بۆ نموونە ئەم جۆرە چالاکییانەی هەیە.

**رامان:** بەڵام بەردەوام نییە، پچرپچڕ و ناو بە ناو ئیش دەکات؟

**نامدار قەرەداغی:** لە ئەوروپایە، لەوێ کۆبوونەوەی هونەرمەندان کارێکی ئاسان نییە.

**رامان:** بەڵام ژەنیارێکی لێهاتووە.

**نامدار قەرەداغی:** کەسێکە خاوەن توانایی و بەهرە و ڕەوشتە.

**رامان:** بەلای منیشەوە ڕەوشتی کەسەکە لایەنێکی زۆر گرنگە، ئەوە لە هەموو شتێک گرنگترە.

**نامدار قەرەداغی:** لەلای ئێمە کە گۆرانیبێژەکان بۆ فێرگەکەمان دێن، بە سەرۆکی کۆمەڵەی تیپی میللی دەڵێم، من گۆرانیبێژێکی میللیم پێویستە، بۆ نموونە بە جەزای سازم گوتووە، کە قوتابی خۆم بووە، پێش ئەوە گوتوومە من گۆرانیبێژێکی میللیم بۆ فلان کار پێویستە، پێش ئەوەی دەنگی خۆش بێ، پێش ئەوەی بەناوبانگ بێ، دەبێ بەڕەوشت بێ، دیارە ئەو کەسەی بۆی ناردووم، ڕێک ئاوا بووە، ئەمە لای ئێمە زۆر زۆر گرنگە، ئەوجا گۆران برایم خەیات یەکێکە لەوانە، کە هەم هونەرێکی



**سلێمانی، شەقامی پیرەمێرد، ١٩٧٨، تۆمارگای کانیاو، دووکانی فرۆشتنی ئامێر و کەلوپەلی مۆسیقا.**

باشی پێیە، هەم کەسێکی بەڕەوشتە.

**رامان:** (ئالان عارف)یش لەو جۆرە کەسانەیە.

**نامدار قەرەداغی:** ئالان عارف، هونەرمەندێکی گەورەیە، کەمانچەژەنێکی چاکە، دابەشکەرێکی چاکی مۆسیقایە، جێگەی شانازییە، کۆمەڵێک لە قوتابییەکانم شانازییان پێوە دەکەم، کە من مامۆستایانم، یان من ئەلف و بێی مۆسیقام فێر کردوون، ئەوانیش خوا هەڵناگرێ، زۆربەیان پێ دەزانن، یەکێک لەوانە ئالان عارف، نیاز نووری، جەزای ساز، کارزان قەرەداغی، کە خوشکەزای خۆمە.

**رامان:** ئەگەر ناوی دی ماون، پێم خۆشە ناوی هەموویان بڵێی.

**نامدار قەرەداغی:** لاوک لەتیف، یەکێکە لە موزیکژەنە هەرە بەرزەکانی کورد.

**رامان:** ناوی ئەوانە بڵێ کە بەهرەدارن و لەسەر دەستی تۆ پێگەییون؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوانەی ناوم هێنان زۆر بەناوبانگن، نەوزاد حاجی هەیە، ئەویش یەکێکە لە ناوە هەرە ناودارەکان، نیاز نووری، نەقیبی سەندیکای هونەرمەندانە، لە تیپی سەمفۆنی و لە ئۆرکێسترای سلێمانییە، بەڕێوەبەری ئۆرکێستراکەیە

و لـەوێ ژەنیـارە، (ئـالان عارف)یشـم بـاس کـرد.

**ڕامـان:** ئـەی عەبدوڵـڵا جەمـال سـەگرمە (ع. ج. سـەگرمە)، جـێ پەنجـە و کاریگـەری تۆی بەسـەرەوە نییە ؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ع. ج. سـەگرمە پێوەنـدی بـە ئێمـەوە نەبـووە، ئـەوە کاتـی مـن نەبـووە، بۆیـە قوتابـی مـن نەبـووە، بـەڵام کاتێـک لـە نەوەدەکانـدا بەسـەردان گەڕاومەتـەوە، ئـەوم بینیـوە. کاتـی خـۆی لـە کوردسـات بەڕێوەبـەری بەشـی مۆسـیقا بـوو، سـەرم لـێ داوە، ئەمـەش هـەر مێـژووە ئەگـەر بیگێڕمـەوە.

**ڕامان:** بۆ نا؟ بیگێڕەوە.

**نامـدار قەرەداغـی:** ویسـتمان لـە سلێمانی لەگـەڵ عەبدوڵـڵا سـەگرمە، پێکـەوە کولێـژی هونـەر- بەشـی مۆسـیقا بکەینـەوە، داوای ئـەوەم لـێ کـرا، منیش ئیشـی تێدا بکـەم، مـن گەڕامـەوە هۆڵەنـدا، بڕوانامەکـەم کـە لـە ئەورووپـا تـەواوم کردبـوو، وەرم گێـڕا و پرۆگرامـی خوێندنـی ئەوێـم لەگـەڵ خـۆم هێنایـەوە، کـە چۆنـە و چـۆن نییـە، بیرۆکـە و بیـروڕای خـۆم لەگـەڵ عەبدوڵـڵا سـەگرمە و ئەوانـدا بـاس کـرد، چووین بـۆ لای سـەرۆکی زانکـۆ، وابزانـم د. کەمـال بـوو.

**ڕامـان:** ئـەو کاتـە د. کەمـال خۆشـناو، یـان د. کەمـال خەیـات سـەرۆکی زانکـۆی سـلێمانی بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** د. کەمـال خۆشـناو سـەرۆکی زانکـۆ بـوو، لەگـەڵ عەبدوڵـڵا جەمـال سـەگرمە و ڕاگری کۆلێـژی هونـەر چووین بـۆ لای.

**ڕامـان:** ئـەو کاتـە هونەرمەنـد عەلـی جـۆڵا لـە ڕاگرایەتیـی کۆلێـژی هونـەرە جوانـەکان بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، عەلـی جـۆڵا جێگـری ڕاگـر بـوو، خزمێکـی خـۆم ڕاگـر بـوو، ئێسـتا ناوەکەیـم بیـر چووەتـەوە.

**ڕامان:** دوکتۆر کوردۆ عەلی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، د. کوردۆ عەلی بوو.

**ڕامـان:** ئـەوە نـاوی تـەواوی خـۆی (سـەروەت محەمەدئەمین)ـە.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئەوجا ئـەوە خزممـە، لەگـەڵ کـوردۆ عەلـی چـووم، عەبدوڵـڵا سـەگرمەمان لەگەڵـدا بـوو، بەڵگەنامەکانـم پێشـکەش کـرد، د. کەمـال خۆشـناو گوتـی زۆر چاکـە، ڕووی کـردە کوردۆ عەلـی و پێـی گوت ئەهـا خوێندنـی ئەمـان چۆنـە، سـەیری چـی و چـی تێدایـە، دەبـێ ئێمەش بـۆ کۆلێـژی هونـەر وا بکەیـن.

**ڕامـان:** دیـارە پرۆگرامـی خوێندنـی هۆڵەنـدای زۆر بـە دڵ بـووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** زۆریـش بـە دڵـی بـوو، گوتـی سـەیری ئەمانـە چییـان خوێنـدووە، گوتیشـی ئـەم بڕوانامەیـەی تـۆ لێـرە ماسـتەرە، ئێمـە زۆر زۆرمان پـێ خۆشـە لەگەڵمانـدا کار بکـەی، یەکسـەر گوتـی بـڕۆ خانوویـەک بگـرە بـۆ ئـەوەی کۆلێژەکـە بکەینەوە.

**ڕامان:** بڕیار بوو تۆ چ وانەیەک لەوێ بڵێیتەوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لەگـەڵ عەبدوڵـڵا جەمـال سـەگرمە باسـی ئەوەمـان کـرد، ئـەو گوتـی تـۆ دەتوانـی چـی بڵێیتـەوە؟ گوتـم مـن دەتوانـم زۆربـەی وانـەکان بڵێمـەوە، بـەڵام ناتوانـم وانـەی پیانـۆ بڵێمـەوە، جگـە لـەوە پێـم گـوت هارمۆنـی و چـی وانـەی دی دەڵێـی، مـن دەتوانـم بیانڵێمـەوە.

**ڕامان:** گوتیان تۆ بڕۆ خانوویەک بگرە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، گوتیـان هـەزار دینـارت دەدەینـێ، ئەگـەر پـارەی کرێیەکـە زۆرتـر بێـت، دەبـێ خـۆت بیـدەی، مووچەکەشـت ئەوەندەیـە، بـڕە پارەیـەک بـوو، مـن لـەو عانـەدا لـە هۆڵەنـدا مامۆسـتا بـووم و خێزانـم هەیـە، لێکـم دایـەوە ئـەو پارەیـە لێـرە بەشـی خـۆم نـاکا، ئـەی مـاڵ و منداڵم لـەوێ بـە چـی بژیـن، لەبـەر ئـەوە دەبـێ دەسـت

لەکار بکێشمەوە، بۆیە نەگونجا بێمەوە، چەند ساڵێکی پێ چوو، عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە و خەڵکی دیکە، بەشی مۆسیقای کۆلێژەکەیان کردەوە.

**ڕامان:** ع.ج. سەگرمە لەگەڵ کێی تر ئەو بەشەیان کردەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** باوەڕ کە نازانم، من هەموو زانیارییەکم دایە عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە، پرۆگرامی خوێندنی ئەوێم دایێ، کارەکانمان دابەش کرد، کە من چی بکەم و ئەو چی بکات، ئەوە عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە ماوە، پێم گوت تەنیا ناتوانم وانەی پیانۆ بڵێمەوە، ئەگەر بیڵێمەوە باش نیم.

**ڕامان:** تەنیا نەتتوانیوە ئامێری پیانۆ بڵێیتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەو گوتی وانەی پیانۆ من دەیڵێمەوە و زۆر ئاسانە، تا گەیشتینە ئەو شوێنە، بەڵام نەمتوانی بێمەوە، ئیتر دوای من چی کرا و چی نەکرا، ڕاستییەکەی ئاگام لێ نییە و بە منیش نەگوتراوە، هیچ پرسێکیش بە من نەکراوەتەوە.

**ڕامان:** تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، دواتریش تیپی مۆسیقای مەولەوی، تا ئەو ساڵەی زانکۆی سلێمانی، لە شاری سلێمانی بوو، پێش ئەوەی بگوێزرێتەوە بۆ هەولێر، هاوکاریتان لەگەڵ بەشە هونەرییەکەی هەبوو کە هونەرمەندان ئەنوەر قەرەداغی و شەماڵ سائیب سەروکاریان دەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆمان بە یەکەوە نەبووە.

**ڕامان:** هیچ جۆرە هاوکارییەکتان لەنێواندا نەبووە؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، هیچ پێویستییەک بۆ ئەو هاوکارییە لە ئارادا نەبووە، ئەگەر هاوکاریمان لەگەڵ یەکتردا هەبووبێ، یان پێویستییەک نەبووە کە من بیرم بێ و ئەوان بۆیان نەکردبین، یان ئێمە بۆمان نەکردبن، بەڵام تیپی مۆسیقای سلێمانی ستۆدیۆیان هەبووە، وەکوو پێشتر باسم کرد ئەنوەر قەرەداغی وەک خۆی هاوکارمان بوو و چەند گۆرانییەکمان لەلایان تۆمار کردووە.

**ڕامان:** تەنیا سوودتان لە ستۆدیۆکە وەرگرتووە، یان ئەنوەر قەرەداغی وەک موزیکژەنێک هاوکاری کردوون؟

**هونەرمەند پێش ئەوەی دەنگی خۆش و بەناوبانگ بێ، دەبێ بە ڕەوشت بێ.. وەک مامۆستایەکیش زۆر گرنگیم بە منداڵ داوە**

**نامدار قەرەداغی:** ئەنوەر قەرەداغی لە چەند گۆرانییەکدا خۆی وەک ژەنیار لەگەڵماندا بەشدار بووە، تیپی مۆسیقای سلێمانی بەڕەسمیی ڕەزامەندییان داوە کە ئێمە بچینە ستۆدیۆکەیانەوە، ئەمانە لە هاوڕێیەتیدا دڵخۆشکەرن، کاری جوانن، بەڵام لەگەڵ زانکۆ ئەوەمان نەبوو، تەنیا کەریم خەمزەیی لەلای ئێمە بووە، چووە لەلای ئەوانیش ئیشی کردووە، لەوە بترازێ پێوەندییەکی وامان نەبووە، هیچ گرفتێکیشمان لەگەڵیان نەبووە، دوایی کە ئێمە ستۆدیۆکەمان داوا کرد، پێیان بەخشین و چووینە ستۆدیۆکەی ئەوان و کاری خۆمان کرد.

**ڕامان:** مەبەستت لە کامە ستۆدیۆیە، ئەوەی تیپی سلێمانی، یان ستۆدیۆکەی زانکۆ؟

**نامدار قەرەداغی:** مەبەستم ستۆدیۆکەی زانکۆیە، وەک گوتم جەنان قوستەنتین، وابزانم موئەیەدی براشی لەوێ بوو، ئەو سەرپەرشتی تۆمارکردنەکەی بۆ کردین و بۆی تۆمار کردین، ئەوە هاوکاری کردنە، گۆرانییەکانی ناسری

ڕەزازی لایەنە هونەرییەکەی یەک شریتی تەواو لەوێ تۆمار کرا.

**ڕامان:** ئەنوەر قەرەداغی خۆیشی دەوری لەو تۆمار کردنەدا هەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەنوەر قەرەداغی لەوێ نەبوو، ئەوەیان جەنان قوستەنتین لەجیاتی ئەنوەر قەرەداغی کردی.

**ڕامان:** ئێمە باسی ئەوەمان نەکرد تیپی مۆسیقای بێخود چۆن دروست بوو؟ ئەو بیرۆکەیەت چۆن بۆ هات؟

**نامدار قەرەداغی:** کاتێک لە کۆمەڵ جیا بوومەوە، گوتم تیپی مەولەوی دروست دەکەین، هەر لەو کاتەدا لە قوتابخانەی بێخود مامۆستای مۆسیقا بووم، گوتم بۆ ئەم هاوینە کۆرسێکی مۆسیقا دەکەمەوە، ئەو منداڵانەی ئارەزوومەندن، لە هاویندا وانەیان پێ دەڵێمەوە، بیرۆکەکەم بە بەڕێوەبەر، م. شەوقی ئەحمەد گوت، زۆری پێ خۆش بوو، مامۆستا عارف و جەنان و فوئاد قوستەنتین کە هەردووکیان برا بوون، لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی چواردەوریشم زۆریان پێ خۆش بوو.

**ڕامان:** مەبەستت لە م. عارف عەبدوڵڵایە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، باوکی ئالان. ئەو مامۆستایەمان بانگ کرد، چونکە زۆر تێکەڵ بووین.

**ڕامان:** بۆ دڵنیا بوون لە ساڵ، یان ناوی تەواوی کەسەکان، ئەوە بۆ خەڵکی شارەکانی دی پێویستن، ڕەنگە وەک تۆ کەسەکە نەناسن.

**نامدار قەرەداغی:** م. عارف عەبدوڵڵا کە خۆی ماوە، لەگەڵ مامۆستایان زۆریان بەدڵ بوو، زۆریان پێ خۆش بوو.

**ڕامان:** کەواتە بیرۆکەکە هی تۆ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەو کاتە چالاکیی قوتابخانەکان هەبوو، ئەو (م. عوسمان محەمەدئەمین)ـەی باسم کرد، دەستی پێ کردبوو، دوایی م. دلێر ئیبراهیم دەستی پێکرد، منداڵ لای من زۆر گرنگ بوو، من وەک مامۆستایەک زۆر گرنگیم بە منداڵ داوە، زۆر قوتابیم ئێستا بوون بە پیاو و گەورەن، کە من دەرسم پێ گوتوون، پێش ئەوەی ئەو تیپی منداڵانەش دابنێم، من هەر هانم داون.

**ڕامان:** ئێستا کە جار بەجار بە ڕێکەوت ئەو قوتابیانەت دەبینیتەوە، هەڵوێستیان بەرانبەرت چۆنە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئێستا کە دەمبیننەوە دەیانەوێ بێن دەستم ماچ بکەن، لەبەر ئەو خۆشەویستییەم بۆ ئەو منداڵانە کە چۆن کەمانەکەم داوەتە دەستیان، چۆن هێشتوومە کەمانەکەم هەڵگرن و بیهێنن بۆ ئیدارە، یان لەوێوە بۆمی بێنن، چۆن دەنگی چۆلەکە و تەیر و تیور و باڵندەم بۆ دەرکردوون، چۆن ڕەفتار و مامەڵەم لەگەڵدا کردوون، چۆن باوەشم پێدا کردوون.

**ڕامان:** ئەو خۆشەویستی و میهرەبانییەت بەرانبەر منداڵان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

**نامدار قەرەداغی:** من خۆم هەر لە منداڵیمەوە، لە گەنجیمەوە منداڵم خۆش ویستووە، ئەوە بۆ من زۆر گرنگە و باوەڕیشم وایە، منداڵ بناغەیە و دەبێ لە منداڵەوە دەست پێ بکرێ، زۆر گرنگە لە منداڵەوە دەست پێ بکەین و بایەخ بە لایەنە پەروەردەییەکەی بدەین.

**ڕامان:** دواتر تیپەکە چۆن دروست بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕێک کەوتین من بەسەر پۆلەکاندا بگەڕێم، ئەوانەی لە تەمەنی حەوت ساڵانن، پۆلی سێ و چوار و پێنج و شەش، بە پۆلەکاندا گەڕاین تا بزانین کێ ئارەزوومەندە،

بـۆ ئـەوەی نـاوی خـۆی بنووسـێ، بـۆ ئـەو مەبەسـتە بەسـەر پۆلەکانـدا گـەڕام، قەڵـەم و کاغـەزم بـرد، بـۆ هەمـوو پۆلـەکان ڕوونکردنـەوەم دا و شـرۆڤەیەکی باشـم بـۆ کـردن، کـە تیپـی مۆسـیقا شـتێکی ئاوایـە و ئاوایـە.

**ڕامـان:** ئـەم کارەت زیاتـر لـە پۆلـی چەنـدەوە دەسـت پێکـرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لـە تەمەنـی حەوت ساڵییەوە، پۆلـی یـەک شـەش ساڵە، پۆلـی دوو حـەوت ساڵە، لـە پۆلـی دوو و سـێ و چـوار و پێنـج و شـەش، کۆمەڵێـک لـە قوتابییـەکان نـاوی خۆیـان نووسـی، چـل منـداڵ دەبـوون، گفتوگۆمـان کـرد، بیسـت کەسـیان حەزیـان لـە کەمانچـە بـوو، کۆمەڵێکیـان ئۆکۆردیـۆن، کۆمەڵێکیـان تەپـڵ و گیتـار و ئـەم شـتانە بـوون، ئەوانـەی ناومـان نووسـین پێمـان گوتـن هەرچـی کەمانچـەی دەوێ، دەبـێ پێشـەکی دە دینـار بـدا.

**ڕامـان:** ئـەو ئامێرانـەی مۆسـیقاتان لـە کـوێ کـڕی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئەوسـا لـە بەغـدا کەمانێـک نزیکـەی بـە دە دینـار بـوو، تەنیـا لـە ئۆرزدیـش هەبـوو، ئامێـر تەنیـا لـەوێ دەسـت دەکـەوت، پارەکانمـان کـۆ کـردەوە، مـن و م. عـارف عەبدوڵڵا ڕۆیشـتین بـۆ بەغـدا، چووین لـەوێ چـل ئامێرمـان بـۆ هـەر چـل قوتابـی کـڕی، هێنامانـەوە و خۆمان بـە قوتابخانـەدا کـردەوە، هـەر منداڵـە و ئامێـری خۆیمـان دایـێ و دەسـتمان بـە ڕاهێنـان کـرد، هەمـوو ڕۆژێ لـە هاوینـدا لـە (٩)ی بەیانییـەوە تـا نزیکـەی یـەک و دووی نیـوەڕۆ ڕاهێنـان بـووە.

**ڕامـان:** ئـەی لـە کاتـی خوێندنـدا، چـۆن مەشـق و ڕاهێنانتـان دەکـرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لـە کاتـی خوێندنیشـدا هەموو ڕۆژانـی جومعەیـەک ڕاهێنـان بـووە، لـە نـۆ و دەوە تـا نیوەڕۆیێکـی درەنـگ، هـەر خـۆم بەتەنیـا بـووم، لـە یەکـەم هاوینـدا توانیـم ئـەم منداڵانـە بگەیەنمـە ئاسـتێکی بـاش، بـەڵام مـن تەنیـا وانـەی مۆسـیقام پـێ نەدەگوتـن، کارەکـەم زۆر پەروەردەیـی بـوو، لـەو کاتـەدا خـۆم زۆر گەنـج بـووم، هاوینەکـەی خۆمـم بـەلاوە نـاوە، لـەو کاتەشدایە کـە مـن زۆر سـەرقاڵم و تۆمارگەیەکـم کردووەتـەوە، کـە هـی مـن و سـەرداری بـرام و هاوڕێیەکمـان بـوو کـە لـە ژیانـدا نەمـاوە بەنـاوی ڕەفعـەت حەمـدی بـەگ پاشـا، کـە لەگەڵمـان شـەریک بـوو، لـە پێشـدا ئـەوان دووکانیـان گـرت و تێچووەکـەی سـەرف کرد، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی سـەریان لـە تۆمارکـردن و مۆسـیقا دەرنەدەچـوو، بۆیـە سـەرەتا هـەر خـۆم بەڕێـوەم دەبـرد.

**ڕامان:** تۆمارگەی کانیاوم دیوە.

**نامدار قەرەداغی:** حەتمەن دیوتە.

**ڕامان:** بە پێویستی دەزانم باسێکی ئەو تۆمارگەیە بکـەی، کە چەند خزمەتی بە هونەرەکەت کرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەو تۆمارگەیە پـاش ماوەیەکی کـەم کـردم بـە دووکانـی مۆسـیقا، یەکـەم دووکانـی مۆسـیقا لـە سلێمانی کە هەبووبێ، ئـەو تۆمارگەیەی مـن بـوو، کـە ئامێـر و کەلوپەلـی مۆسـیقای تێـدا دەفرۆشـرا، کەلوپەلـی ئاسـایی لـە تەلـەوە بـۆ جسـر و بـۆ هەمـوو شـتێکی تێـدا دەفرۆشـرا، خۆشـم ئامێـرم تێـدا چـاک دەکـردەوە، بـە تایبەتـی ئەگـەر شـتی بچـووک شـکابا، نەمدەتوانـی شـتی گـەورە چـاک بکەمـەوە، بـۆ نموونـە دەمتوانـی تـەل بگـۆڕم، یـان جسـرەکەی بـەرزە، بـۆی نـزم بکەمـەوە و لـەم بابەتانـە.

**ڕامـان:** چـۆن بەبیرتـدا هـات ئـەو تۆمارگەیـە بکـەی بـە دووکانـی فرۆشـتنی ئامێـر و کەلوپەلـی مۆسـیقا؟

**نامـدار قەرەداغـی:** دانانـی یەکـەم دووکانـی فرۆشـتنی

کەلوپەلی مۆسیقا لە سلێمانی، ئەم شەرەفە بەر من کەوتووە، کێ هەیە پێش من، با بێت و بڵێ دووکانم هەبووە، یەکەم دووکانی مۆسیقا کە پێشتر لە سلێمانیدا تۆمارگە بووبێ و دانرابێ و هەبووبێ و کەرستە و کەلوپەلی ئاسایی تێدا بووبێ، تەنانەت شتی بچووکیشی تێدا چاک کرابێتەوە، ئەوە لە سلێمانی من بووم.

**ڕامان:** لەو کارەدا کەس هاوکارت نەبوو، برایەکت، کەسێکت، هاورێیەکت؟

**نامدار قەرەداغی:** (شۆڕش)ی برام، کە موزیکژەن بووە، کاوەی خوشکەزام کە ئەویش موزیکژەن بووە، ئەوانە قوتابی من بوون.

**ڕامان:** کاوە کێ، باوکی ناوی چییە؟

**نامدار قەرەداغی:** دوکتۆر کاوە قەرەداغی، کە خوشکەزامە، کارزان قەرەداغی کە قوتابی خۆم بووە و ئێستا گەورەیە و گۆرانییەکانی ئەحمەد شەماڵ و ئەوانی ڕیمیکس کردووە. (شۆڕش)ی برام لە تۆمارگەی کانیاودا دەوری زۆر بوو، ئەگەر شتێک هەبووایە و نەمتوانیبا بچمە تۆمارگەی کانیاو، ئەو لە تۆمارگەکە شوێنی دەگرتمەوە، لەبەر ئەوەی من سەرقاڵی تیپی مۆسیقای مەولەوی و تیپی منداڵانی بێخودیش بووم، بەتایبەتی لە هاویناندا، سالاری برام لە تۆمارگەی کانیاودا دەوری منی دەبینی.

**ڕامان:** باشە کە ئەو پارەیەتان لە قوتابییەکان وەرگرت (یەکی دە دنیارتان لێ وەرگرتن)، تەنیا کەمانچەتان پێ کڕی، ئەی ئۆکۆردیۆن، یان ئامێری دیکەی تێدا نەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** هەموو جۆرە ئامێرێکمان کڕی، بە تەواوی بیرم نایەت، ئەویان بایی چەند بوو، ئەم بایی چەند بوو، ئەوەمان لەگەڵ منداڵەکاندا چارەسەر کرد.

**ڕامان:** واتە ئامێری هەمەجۆرتان بۆیان کڕی؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئامێرەکان گیتاری کارەبایی، کەمانچە، تەپڵ، جونبش، شمشاڵی تەختە بوون، دوایی فلوت، کلارنێت و چەلۆمان هێنا، ئامێرەکانمان زیاد کردن، هەمووی خۆم دەمگوتنەوە، جارێکیان م. عوسمان محەمەدئەمین ئەوەی گوتم سەربازێکی نەناسراوە، باسی ئیشەکەی من کرا، گوتی ئەگەر م. نامدار قەرەداغی هیچ دەرسی نەگوتبێتەوە، هەموو ڕۆژێ تەنیا بیست کەمانی چینی کۆک کردبێ، ئەوە ئیشێکی زۆرە، هەر تەنیا بیست کەمان کۆک بکەی ئەوە ئیشە، ئەوجا وەرە کۆکیشی بکەی.

**ڕامان:** ئەی نۆتەتان هەبوو ڕاهێنانی لەسەر بکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوسا یەک نۆتەی مۆسیقا نەبوو، تەختەی ڕەشم دەهێنا، هێڵم لەسەری دەکێشا، دوایی بە بۆیەی ڕۆنی ئەم تێپانەمان دادەنا، بە مەرجێ بۆشایی نێوان هێڵێک و هێڵێکی دی بمێنێتەوە، بە بۆیەی ڕۆنی هێڵمان بۆ دەکێشا، پێنج خەت، پێنج خەت، لەوحەیەکم کرد بە دەفتەری نۆتە، لەوێدا نۆتەم بۆ کۆک کردن، بە ڕۆنیۆ کاغەزی نۆتەمان ڕادەکێشا.

**ڕامان:** کاری ڕۆنیۆ و ستێنسڵ ڕاکێشانتان چۆن ڕایی دەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** برادەرمان هەبوو لە دائیرەکەی لەسەر ڕۆنیۆ کاری دەکرد، کاغەزمان بۆ ڕادەکێشا، ئەو کاتە هیچ شتێک نەبوو، تەنانەت هیچ کتێبێکیش لە سلێمانیدا نەبوو، من لە تۆمارگەی کانیاودا هەندێک شتم کرد، بەو ڕەزاڵەتە فێری مۆسیقام کردن، ئەو هاوینە هەمووی ئیشمان کرد، تا مانگی دە بەردەوام بووین، ڕۆژێک گوتیان ڕۆژی جیهانیی مۆسیقایە، تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەبەزن، لە

سلێمانی هەر ئەو دوو تیپە هەبوون، گۆرانیبێژی ئێمە دابەزی، گوتم لە تیپی قوتابخانەکان تیپی منداڵانی بێخودیش دادەبەزێ.

**ڕامان:** تیپی منداڵانی بێخودیش لەو ڕۆژەدا دابەزی؟

**نامدار قەرەداغی:** تیپی مۆسیقای سلێمانی بەو گەورەیییەوە بیست کەس نەدەبوون، تیپی مەولەوی بەو گەورەیییەوە پازدە کەس نەبووە، کۆرسی لێ دەر بکە، من بە جارێک لەسەر شانۆ بیست کەس هەر کەمانم دابوونێ، واتە شانۆکەی چالاکیی قوتابخانەکان نەیدەگرتن، هەمووی یەک جلیان لەبەر بوو، ئەم هەموو ئۆکۆردیۆنە، ئەم هەموو گیتارە، ئەم هەموو ئیقاعە، چەند بەرهەمێکمان لێ دا، هەرایەکی گەورەی نایەوە.

**ڕامان:** ئاخر بیست کەمان پێکەوە لێ بدرێ زۆرە.

**نامدار قەرەداغی:** تیپی مۆسیقای سلێمانی بیست کەسیان نەبوو، هەر لەوێ خۆشە بیست کەمان پێکەوە مۆسیقا لێ بدەن، ئەوجا باشیش لێی بدەن، ئاخر چوار مانگ بوو دەستیان پێ کردبوو، چوار مانگ و چەند ڕۆژێک بوو، چونکە تیپی مۆسیقای بێخود لە ١٩٧٧/٥/٢٠ دامەزراوە.

**ڕامان:** کارەکانتان هەمووی بێ بەرانبەر و لەسەر گیرفانی خۆتان بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** هەرچی تەلی کەمانەکانیانە، ئامێری کەمانگۆڕینیانە، لەو تۆمارگەی کانیاوەوە، بەبێ پارە بۆم کردوون.

**ڕامان:** لەو تۆمارگەیەدا پارەت پەیدا کردووە و لەوێ خەرجت کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئالان عارف، کە ئێستا باشترین ژەنیارە و کوڕی م. عارف عەبدوڵڵایە، چەندان جار کەمانم بۆ گۆڕیوە، ئەو کەمانەی خۆی کڕی و باوکی پارەکەی بۆ دا، کە دە دینار بوو، دوای ئەوە بەردەوام کەمانی باشترم بۆ دەهات، پێم دەگوت ئەوەیان لابە، ئەمەیان بۆ خۆت بەرە، تەلی کەمانەکانیان دەپچڕا، لە تۆمارگەی کانیاوەوە بۆیان دابین دەکرا.

**ڕامان:** لە تۆمارگەکەی خۆتەوە کە کردبووت بە دووکانی فرۆشتنی ئامێر و کەلوپەلی مۆسیقا فریایان دەکەوتی؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بەبێ ئەوەی یەک کەس، یەک فلس بدات، دووکانەکە تۆمارگە و دووکانیش بوو، دووکانێکی بچکۆلەش بوو، دووکانێکی گەورە نەبوو، بەم جۆرە کە لە ڕۆژی جیهانیی مۆسیقادا دابەزین و ئەم هەرایەی نایەوە، نازانم هەندێک شت هەیە دەتوانم بیڵێم، پێت باشە بیڵێم؟

**ڕامان:** هەر شتێکت لەلایە بەبێ سڵکردنەوە بیڵێ، بۆچی نایڵێی؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوە باشە بچێتە وتارێک، یان کتێبێکەوە؟

**ڕامان:** بۆ نا، کۆسپ و ڕێگرییەکە چییە؟

**نامدار قەرەداغی:** با بە ئەهوەنی بیڵێین، هەندێکی هەر ناڵێم. من چوار مانگ و قسوور ئەو منداڵانەم پەروەردە کرد، کە هەموویان ببن بە برای یەک، هەموو دایک و باوکەکانیان ببن بە هاوڕێی یەک، لە چالاکیی قوتابخانەکاندا، لەو هاوینەدا کارمان دەکرد و دایک و باوکەکانمان بانگ دەکردن، بۆ دایک و باوکەکان زۆر سەرنجڕاکێش بوو، زۆر دیارییان پێشکەش دەکردم، لە ئاهەنگەکانی خۆماندا ڕادەگەیەنرا، دەمگوت تکایە مامۆستا دیاری قبووڵ ناکات.

**ڕامان:** دیارییەکان چی بوون؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوە کراسە، قەڵەمە، عەلی

بۆسـكانی كـه جووتیـاری كـوڕی ئەویشـی تێـدا بـوو، كوڕەكـەی دیكەشـی لەگەڵمـان بـوو، یەكێـك بـوو لـە هانـدەرە باشـەكان، هاوینـی دووەم عەلـی بۆسـكانی هـات، لەبەردەمـی (شـەوقی ئەفەنـی)ی بەڕێوەبـەر و هەمـوو مامۆسـتاكان گوتـی مامۆسـتا نامـدار دەبـێ ئـەم هاوینـە مانگێـك وانـە نەڵێیتـەوە، مانگێـك لەسـەر حیسـابی مـن بچـی بـۆ ئینگلتـەرا و هەمـوو خەرجییەكـت لەسـەر مـن. گوتـم مـن مانگێـك وانـە وتنـەوەی ئـەو منداڵانـە بەجـێ بێڵـم؟ گوتـم ئـەوە مەحاڵـە مامۆسـتایەك (جەمالـی عومـەری مڵـۆزم)ی نـاو بـوو، شـێت بـوو، هـەر ئـەوە بـوو لێـم نـەدا، دەیگـوت بـۆ قبووڵـی ناكـەی؟

**ڕامان:** ئەویش لەوێ مامۆستا بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵـێ، لـەوێ مامۆسـتا بـوو، م. عـارف عەبدوڵـڵاش هـەر لەوێ بـوو، زاوای خۆم، باوكـی كاوان و كارزان هـەر لـەوێ بـوو، كۆمەڵێكـی زۆر لـەوێ بـوون، حەمـە عەتـێ لـەوێ بـوو، گوتـی تـۆ شـێتی، كـەری، تـۆ چـی، چـۆن ئەمـە قبـووڵ ناكـەی؟ هەیانبـوو دەیانگـوت مامۆسـتا نابـێ مـن لەباتـی ئـەو بچم؟ گوتـی مـن دەمـەوێ ئـەو پشـوو بـدا، مـن ئـەوەم قبـووڵ نەكـرد.

**ڕامان:** دوای ئـەم سـەركەوتنانە كێشـەیان بـۆت دروسـت نەدەكـرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** پـاش چـوار مانـگ ئـەو منداڵانـە دەركەوتـوون، قوتابخانـە كراوەتـەوە، تـۆ لـەم دۆخـەدا بیت، مـن لـە چالاكیـی قوتابخانـەكان نیـم، تەنیـا مامۆسـتای ئەوێـم، نـۆرەی مـن نییـە لـەوێ بـم، تەلەفۆنێـك بـۆ قوتابخانـەی بێخـود دەكـرێ، ئێسـتاش مـاوە، یەكێكیـش لـە چالاكیـی قوتابخانەكانـەوە كـە مامۆسـتایەكی مۆسـیقایە، پێـش ئـەوەی تەلەفۆنەكـە بكـرێ، لـە ژووری مامۆسـتایان لای بەڕێوەبـەر دانیشـتبوو، ئـەو كەسـەش بەناوبانگـە، بـە شـەوقی ئەفەنـدی دەڵێـن ئـەوە فڵانكەسـمان بـە مامۆسـتای مۆسـیقا لـە قوتابخانەكـەی تـۆ دانـاوە، ئیتـر ئـەوە ئێمـە لە ڕۆژی جیهانیـی مۆسـیقادا هەرایەكمـان ناوەتـەوە، مـن خولـم كردووەتـەوە، شـەوقی ئەفەنـدی دەڵـێ گـوێ بگـرە فـڵان.

**ڕامان:** ئـەوەی لـە جێگـەی تۆیـان دانابـوو، كـێ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ناوەكـەی ناڵێـم، نـاوی ئەوەی تەلەفۆنیشـی كردبـوو ناڵێـم، شـەوقی ئەفەنـدی دەڵـێ گـوێ بگـرە فـڵان، مـن یـەك ئامـۆژگاری برایانـەت دەكـەم، ئەگـەر تـۆ ئەمـە بكـەی بـۆ تـۆ بـاش نییـە. باشـە دەپرسـم ئـەو فڵانكەسـە مامۆسـتایەكی خراپـە؟ ئـەوەی لـەوێ دانیشـتووە دەڵـێ نەخێـر، زۆر بەڕێـز و زۆر باشیشـە. دەڵـێ مامۆسـتا نامـدار قوتابییانـی فێـر كـردووە و بـەردەوام خولـی كردووەتـەوە و چالاكییـان هەبووە و دایـك و باوكـی ئـەم قوتابییانـە زۆر لەگەڵـی ئاسـوودەن، پێـی دەڵـێ تـۆ ئەمـە بكـەی، بـڕوات بـێ كـەس نـا، تەنیـا دایـك و باوكـی قوتابییـەكان دێـن چـاوت هەڵدەكۆڵـن، ڕێـك وای پـێ دەڵـێ. زەلام هەیـە كـە دەڵـێ وای پـێ گوتـووە، ڕێـك پێـی دەڵـێ چـاوت هەڵدەكۆڵـن، دەڵـێ دە باشـە باشـە بینێرەوە، هـەرواش بـوو، ئەگـەر ئـەو كارەی بكردایـە چاویـان هەڵدەكۆڵـی، هەر عەلی بۆسـكانی چـاوی هەڵدەكۆڵـی، نـەك ئەوانـی دیكـە، چونكـە لەنـاو دایـك و باوكەكانـدا، ئینسـانی ڕۆشـنبیری چاكـی تێـدا بـوو.

**ڕامان:** دوای ئەوە كەسـەكە بەو قسـانە پاشـگەزبووەوە و كۆڵـی دا؟

**نامدار قەرەداغی:** زۆر ترسـابوو، چونكـە بەڕاسـتی چاویـان هەڵدەكۆڵـی، كەسـانێكی بـە ئەمەكـی تێدابـوو، كـە حەزیـان لـە پێشـكەوتنی منداڵەكانیانە،

بە لای کەمەوە لە بەرژەوەندی ئەوان نییە ئەوە بکا، سەیری ئەم مونافەسەیە بکە، کە تۆ پێشتر باست کرد و گوتت ئیرەیی لەناو هونەرمەندەکاندا هەیە. ئەوەی لەلای ئێمە هەیە، لە هیچ کوێی دنیادا نییە، ئەوجا ئەمە چییە، لەمەش خراپترم بەسەر هاتووە، کە نامەوێ باسی بکەم، زۆر لەمە خراپتر و دە ئەوەندە خراپتر لە ژیانمدا هەیە، ئەوە ئەو لایەنە باشەشی هەیە، دەڵێ تیپی مۆسیقای سلێمانی و ئەنوەر قەرەداغی مۆسیقامان لەگەڵدایە، ئەمەش هەیە و ئەوەش هەیە، ئێستاش بەردەوام لەو جۆرە ڕەفتارانە دەبینین و هەن.

**ڕامان:** ئەی ئەو تیپەی بەناوی تیپی منداڵان دروست بوو، دواتر لە ڕێگەی هاتنیان بۆ شاری هەولێر، چەند کەسێکیان لێ شەهید بوو، ئەو تیپە دوای تیپەکەی تۆ دامەزرا بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، ئەمە تیپی شێخ مەحموود بوو، م. دلێر ئیبراهیم وانەی پێ دەگوتن، لە قوتابخانەی شێخ مەحموود کاریان دەکرد، م. عوسمان محەمەدئەمین لە قوتابخانەی نەورۆز بوو، ئەو تیپی منداڵانی نەورۆزی هەبوو، م. سەلاح ڕەئووف لە قوتابخانەی پیرەمێرد بوو، ئەویش تیپی خۆی هەبوو.

**ڕامان:** هی م. سەلاح ڕەئووف بە ناوی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەو تۆزێک درەنگتر هات، لە میهرەجانی ئەو ساڵەدا، چوار تیپی منداڵان هەبوو.

**ڕامان:** ئەوەی ئێوە پێش هەموویان بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، ئەوەی م. عوسمان محەمەدئەمین پێش هەموومان بوو.

**ڕامان:** تیپەکەی ناوی چ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ناوی تیپی نەورۆز بوو.

**ڕامان:** تیپی م. دلێر ئیبراهیم کەی دروست بوو، ناوی چی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** تیپەکەی دلێر ئیبراهیم ناوی تیپی شێخ مەحموود بوو. میهرەجانێک لەسەر ئاستی عێراق، کە هی چالاکیی قوتابخانەکان بوو، هەر ساڵە و لە وڵاتێک بوو، لە هەموو شارەکانەوە بۆ ئەو وڵاتە دەچوون و باشترینی ئەو شارانە هەڵدەبژێردرا.

**ڕامان:** مەبەستت لە پارێزگایە، نەک وڵات؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، پارێزگا، هەموو چالاکیی قوتابخانەکانی عێراق، هی پارێزگاکان، باشترینی هەڵدەبژارد، دەیبرد بۆ شوێنێک، هەر جارە و چالاکییەکان لە پارێزگایەک پێشکەش دەکران، یەکەم و دووەم و سێیەم هەڵدەبژێردران، ئەو ساڵە ئێمە چوار مامۆستا بووین کە تیپی مۆسیقای منداڵانمان هەبوو، ڕێک کەوتین هەر یەکەمان چەند قوتابییەکیان لێ هەڵبژێرین و تیپیکیان لێ دروست بکەین و ناوی بنێین تیپی یەکێتیی منداڵان، ئەوە بوو من پێنج قوتابی و ئەو پێنج قوتابی، ئەو چوار قوتابی و ئەو ئەوەندە قوتابی، تیپێکی باشمان لێ دروست کردن.

**ڕامان:** ئەو تیپە بەناوی تیپی یەکێتیی منداڵان دامەزرا، بەسەرپەرشتی کێ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بە سەرپەرشتیی هەر چوار مامۆستاکە بوو، بەرهەممان بۆ ئامادە کردن، بەرهەمی زۆر باش، ئیتر کە کاتی هات، ئەو ساڵە لە هەولێر دەکرا، ڕۆژێک پێش ئێمە چالاکیی قوتابخانە سانەوییەکان چووبوون، ئەوان بە جیا بوون، ڕۆژێک پێش ئێمە ئەوان چووبوون و بەرهەمی خۆیان بردبوو، ئێمە ڕۆژێک دوای ئەوان چووین.

**ڕامان:** ڕووداوی هاتوچۆکە لە کوێ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** لە ڕێگا بووین، لە کەرکووک

لامان دا، تۆزێک ڕۆیشتین، نازانم ئەو ناوچەیە چی پێ دەڵێن، ئێمە چوار پاس بووین، هەر پاسە و مامۆستایەکی لەگەڵدا بوو، لە پاسەکەی مندا تەنیا قوتابییەکانی خۆمی تێدا بوو، هەندێک خوشکەزا و خزمی خۆشم لەگەڵم بوون، کە کردبوومن بە کۆرس، لە پاسێکی کچەکاندا بوون، م. دلێر ئیبراهیم لە پاسەکەی خۆیدا بوو، م. عومەر باوکی کارزان و کاوان هەر لەو پاسەدا بوو، م. سەلاح ڕەئووف لە پاسی خۆیدا بوو، ئەم کۆمەڵە پاسە بە دوای یەکدا دەڕۆیشتن.

**ڕامان:** (م. سەلاح ڕەئووف)یش هاتبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەویش هاتبوو، خۆت دەزانی منداڵ، تەنانەت گەورەکانیش حەزیان لە خێرایی و لە پێشکەوتن و پێشبڕکێیە، دەی دەی دەی پێشیان کەوت، چەپڵە لێدەن، شوفێرەکەی ئەوان ناوی ئەحمەد بوو، لەم ماوەیەدا ئەمری خودای کرد، لە ڕێی ژن و ژنخوازییەوە ناسیاوی منیش بوو، منداڵەکان پێی دەڵێن توخودا پێشی ئەو پاسەی پێشمانەوە بکەوە، ئەمە پاسەکەی منە لە پێشەوە دەڕوا، ئەمە پاسی ئەوانە، یەکێکی دیکەش لێرەدایە، ئیتر شوفێرەکە بە هاندانی منداڵەکان دێ و پێش ئەم پاسە دەکەوێت، تریلەیەکی گەورە لە بەرانبەریانەوە دێ، پاسەکە دەیەوێ بێتەوە سایدی خۆی، (مەوداکەی) کەمە و فریا ناکەوێ بێتەوە، تریلەکەش بەو خێراییەی خۆی بە هیچ جۆرێک ناچێتە سەر خۆڵەکەوە، لەم حاڵەتەدایە تریلەکە دێت و لەلای شوفێرەکە نادا، لە پشتی شوفێرەکەوە لە پاسەکە دەدات، ئۆتۆمبێلەکە قلیشی تێ دەکەوێت.

**ڕامان:** لە کاتی ڕووداوەکە تۆ چاوت لێ بوو، ئاگاداربووی چۆن ڕووی دا؟

**نامدار قەرەداغی:** من ئاگام لە ڕووداوەکە بوو، چونکە لە پێشەوە دانیشتبووم، منداڵانمان لە دوای ئەو شوفێرەی تەنیشتمەوە، شوفێرەکەمان گوتی یا ئەڵڵا، یا ئەڵڵا. گوتم چی بوو؟ گوتی وەرگەڕا. دەستم دایە دەسکی دەرگاکە بیکەمەوە، تارماییەکم دیت، ئەویش لایدایە سەر خۆڵەکە، لائیرادی دەستم دایە دەسکی دەرگاکە بیکەمەوە و خۆم هەڵدەمە خوارەوە. گوتی نەکەی نەکەی مامۆستا، یەکسەر وەستا.

**ڕامان:** یەکەم کەس تۆ چوویتە سەریان؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئۆتۆمبێلەکە هەڵگەڕابووەوە و تایەکانی ڕووی لە ئاسمان بوو، ئەم منداڵانەی لەپشت شوفێرەکەوە دانیشتبوون، کە کارزان و فەرمان و ڕێبوار و ئازاد بوون، سێ کەسیان بریندار بوون، دیار بوو دووانیان مردبوون، یەکەم کەس من منداڵەکانم دەرهێنا، ئازاد و ڕێبوار نەمردبوون، خێرا بردمانن بۆ نەخۆشخانەی کەرکووک، ئەوانەی ناو ماشێنەکەی خۆم، کردیانە هاتوهاوار و فەرتەنە، ئەوانەمان ناردەوە بۆ سلێمانی، م. دلێر ئیبراهیم و م. عومەر هیچ قوتابییەکیان لەلا نەمابوو، چوار قوتابی نەبێ، دوو کوڕمان ناردەوە سلێمانی.

**ڕامان:** تەنیا تۆ و م. دلێر ئیبراهیم لەگەڵ دوو بریندار مانەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بردمانن بۆ نەخۆشخانە، هەموو ئەوانەی دیکەمان ناردەوە، هەموو سلێمانی بیستبوویان، شڵەژابوون و بەرەو ئەوێ هاتن، کە چووین بۆ نەخۆشخانە، ئازاد پاش ماوەیەک ئەمری خوای کرد، ڕێبوار کەسێکی بە خۆوە بوو، گوتیان خوێنمان پێویستە. گوتم چەندی بڵێن دەتاندەینێ جارێ فریامان بکەون. گوتیان نیمانە. گوتم لە منی دەرکەن، منیش لاوازم، گوتی هی تۆ بەکەڵک نایە.

**ڕامان:** ئەی م. دلێر ئیبراهیم چی لێ هات؟

**نامدار قەرەداغی:** دلێر ئیبراهیم تێک چوو،

خوێنی چی لێ دەردەهێنێ، دەبووایە خوێنی تێ بکەی، زۆر گوناح بوو، چی بکەین، چی نەکەین، کەس نەبوو خوێنمان بداتێ، لە نەخۆشخانە پێمان گوتن لە سلێمانییەوە دەگەنە سەرمان، شتێکمان بۆ پەیدا بکەن، چەند دەڵێن دەتاندەینەوە، دواجار بۆیان پەیدا کردین، خوێنیان تێ کرد، ماوەیەکی زۆری پێ چوو، من چوومە دەرەوە و بەزەحمەت لە مزگەوتەکان دارەمەیتم پەیدا کرد، هەموو گیانم خوێن بوو، تا هاتینەوە دنیا تاریک بوو، ئەویش ئەمری خوای کرد و کەسوکاری هەر نەگەیشتن.

**ڕامان:** گوتت م. عومەر و م. دلێر ئیبراهیم ڕۆیشتنەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** مامۆستا عومەر پێشتر لەوێ بوو، ئەوان ڕۆیشتنەوە.

**ڕامان:** لەم دواییانەدا م. عومەر (باوکی کارزان و کاوان) زۆر بە غەمباری و ڕەشپۆشی لە یانەی مامۆستایان دەمبینی، دوای ئەو کارەساتە هەمیشە کراسێکی ڕەشی لەبەر بوو، دۆخی دەروونیی زۆر خراپ بوو.

**نامدار قەرەداغی:** تێک چووبوون، بۆ ناحەقیان بوو؟! ئیتر تەرمەکەمان خستە سەر ئۆتۆمبێلێک و من خۆم بردمەوە، (ڕێبوار)یان من بردمە بەر ماڵەکەیان، شەو بوو، ڕادەستم کردن و خۆم بەو جلە خوێناوییەوە خۆم کردەوە بە ماڵەوەدا، ماڵێ ئێمە هەموویان تا تاسلوجە و ئەو ناوە هاتبوون.

**ڕامان:** کەسوکاری ئەو منداڵەش هاتبوون؟

**نامدار قەرەداغی:** نا، ئەوان نەهاتبوون، من بۆیانم بردەوە.

**ڕامان:** بە مردنەکەیان نەزانیبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** وا دیارە نەیانزانیبوو، چونکە کەسوکاری من هەموو هاتبوون، پرسیبوویان پاسەکەی نامدار نییە، خوشکەزاکانیشم هاتبوون، ئەوان زوو گەڕانەوە، زۆر کەس هاتبوون و گەڕانەوە، لەوانەیە ئەوانیش هاتبن و گەڕابێتنەوە، وایانزانیبوو هی ئەوانی تێدا نییە، ئەوەندەی من بیرم بێ، تەرمەکەم بردە بەر ماڵەکەیان، خۆم چوومە ماڵەوە.

**ڕامان:** دوای ئەو ڕووداوە جەرگبڕە تیپەکانی منداڵان چییان لێ هات، هەڵوەشانەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** تا ماوەیەک، تاکوو سێ ڕۆژەمان بۆ کردن، دوای ئەوە هەموو تیپەکانمان دروست کردەوە، دروشممان نووسی، وێنەی ئەوەشم هەیە، چووینە سەر قەبران و ڕێزمان لێنان، پاش ماوەیەک دەستمان پێ کردەوە، تیپی دلێر ئیبراهیم نەما، هەر بە تەواوی نەما، چواریان نەمان، هەر دلێر ئیبراهیم خۆشی ماوەیەک تێک چووبوو، ئیتر وانەی مۆسیقای چی بڵێتەوە.

**ڕامان:** ئەو تیپەی لە شاخ داینا، بە ناوی تیپی (شەهید کارزان)ەوە بوو.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، لە خۆشەویستیی ئەوانەوە بوو، لەپێشدا (ئاراس)ی برای ڕووی کردە شاخ، دواتر (دلێر ئیبراهیم)یش چوو.

**ڕامان:** تیپی شەهید کارزان و هاوڕێکانی، وای ناونابوو.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، خۆ نابێ ناوی هەر چواریان بنووسێ، ئیتر ئەوە کارەساتێکی گەورە بوو، ئێمە دوای ئەوە بەشدار بووینەوە، ئەم جارەیان نەمانتوانی تیپەکان لێک بدەین، کەس تاقەتی ئەوەی نەبوو، م. قادر مستەفا لەگەڵ سەباحی تەپڵ، ئەوەی تیپی مۆسیقای سلێمانی، ئەوانیش بەرهەمیان ئامادە بوو.

**ڕامان:** سەباح محەمەدئەمین دەڵێی؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوان ئۆپەرێتیان

ئامـادە بـوو، منیـش ئۆپەرێتێکـم ئامـادە کـرد، نازانـم خەڵکـی دیکـە چییـان ئامـادە کردبـوو، لیژنەیـەک بـە سـەرماندا گـەڕا، مـن ئۆپەرێتـی (ڕووبـار)م ئامـادە کردبـوو، تیپەکـە چـل پەنجا منـداڵ بـوون.

**ڕامـان:** ئۆپەرێتـی «ڕووبـار» کامەیـە، کـێ نووسـیبووی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** شـاعیرێکی فەڵەسـتینی نووسـیویەتی، عەیـن. عەیـن. شـەونم بـۆی کـردم بە کـوردی، کوڕەکانـی ئـەو هـەر لەلای مـن قوتابی بـوون، خۆشـی هاوڕێـم بـوو، پەیجـۆر و باکـۆ، هەردووکیـان قوتابـی مـن بـوون، لـە تۆمارکردنـی سروودەکانی (ناسـر ڕەزازی)دا ئەوانیشـی تێدایـە، لیژنەکـە هاتـن و بـە سـەرماندا گـەڕان، ئـەوەی ئێمەیـان هەڵبـژارد، تیپـی منداڵانـی بێخـود بـە نـاوی چالاکیـی قوتابخانەکانـی سـلێمانی بەشـدار بـوو.

**ڕامـان:** تیپەکەتـان لەسـەر ئاستی عێراق چەندەم بوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** تیپـی ئێمـە یەکەمـی هەمـوو عێراقـی بـە دەسـت هێنـا، سـوودم لـە باخچـەی سـاوایانی سـلێمانی وەرگـرت، لـە قوتابخانـەی مەڵکەندیـی کچـان، بـۆ دەوری نوانـدن، یـان بـۆ کـۆرس و جلـەکان، کۆمەڵێـک کچـم لـێ هەڵبـژاردن و هـەر باخچـەی سـاوایانی سـلێمانی بۆیـان کردین.

**ڕامـان:** تێچـووی ئـەو جلوبـەرگ و هاتـن و چوون و ئـەو مەسـرەفانە هـەر خۆتـان بوون؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هەمـووی خۆمـان بوویـن، هەمووی بە کەرەسـتەی سـادە و سـاکار دەمانکردن، خۆمانـی چـی؟ هەمـووی لەسـەر گیرفانـی مـن بـوو، ئـەوەی تیپـی مەولـەوی کـە دەڵێـم ناسـر ڕەزازی و مەرزییـە خـان هاتـن، ئـەم هەمـوو دەعـوەت و ئـەم هەمـوو میوانـە، هەمـووی هـی شەخسـی مـن و ماڵـی ئێمـە بـووە، فلسـێکی تیپـی مەولـەوی تێدا نەبـووە، ئەمـە حەقیقەتـە و دەبـێ بـۆ مێـژوو بگوتـرێ.

**ڕامـان:** ئاساییە بگوتـرێ، ئـەو دەسـت کراوەیـی و سنگفراوانییە جێگـەی ڕێـز و پێزانینـە.

**نامـدار قەرەداغـی:** تیپـی مەولـەوی پـارەی نەبـووە تـا بیدات بـە ئێمـە، تیپـی مەولـەوی لـە کوێـی بـوو، مـن و ئەوانـی دیکـە خۆمـان پارەمـان داوە، مەگـەر حکوومەتیـش سـاڵی شـتێکی زۆر کـەم پـارەی دابـێ.

**ڕامـان:** ئـەو هونـەرە کـە بـە زیندوویـی مایـەوە، لەبـەر ئەوەیـە کـە بـە دڵسـۆزی کارەکان کـراون، بەبـێ بەرانبـەر و بـە خۆبەخشـی، قوربانیـی زۆری بـۆ دراوە، ئێسـتا ئـەو هەمـوو پارەیـەش خـەرج دەکرێ، کەچـی هونەرەکەیـان هیچـی لـە یادەوەری کەسـدا نامێنێتـەوە.

**نامـدار قەرەداغـی:** بـۆ هەڵەبجـە دەفتـەرە دۆلاریـان وەرگرتـووە و کارەکەشـیان نەکـردووە، بۆیـە هەڵەبجەیییـەکان گوتیـان هەرچـی بێتـە ئـەو نـاوە، بەردبارانـی دەکەیـن، کـە ئێمـە بـە نـاوی فێرگـەوە چوویـن، گوتمـان ئێمـە ئاشـتیان دەکەینـەوە، لەسـەر گیرفانی خۆمان هۆڵەکەشـمان بـۆ چـاک کردنـەوە.

**ڕامـان:** هـەر بەنـاوی فێرگەکـەی ئێسـتاتانەوە چـوون؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، تیپی فێرگەکەی ئێستام.

**ڕامـان:** دوایـی بـە تێروتەسـەلی باسـی ئـەو فێرگەیەتـان دەکەیـن.

**نامـدار قەرەداغـی:** هۆڵەکەشـمان بۆ چاک کردنەوە و ئاهەنگیشـمان بـۆ سـاز کـردن.

**ڕامـان:** بـا بگەڕێینـەوە لای باسـەکەمان، لـە باسـی تیپـی منداڵانـدا بوویـن.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەم منداڵانـە، ئـەو کارە گەورانەیـان کـردووە، کـە ئێسـتا جێـی شـانازین،

ئێستاش ئەم منداڵانە بوون بە هاوڕێی یەک، چونکە لە تیپی منداڵانی بێخوددا، تەنیا وانەی مۆسیقا نەبوو، بۆ دڵنیابوون بڕۆ لە نیاز نووری و جووتیار عەلی بۆسکانی و ئەوان بپرسە، وانەی وەرزش، وانەی نواندن هەبووە، ئەو کاتە ڤیدیۆ زۆر کەم بوو، بە کاغەزی پارێزگار توانیم لە لقی کۆمپانیایەیەکی ئەفریقی ڤیدیۆیەک بە دەست بهێنم، بۆ ئەمە دەبووایە پارێزگار ئیمزای کردبا، تا ڤیدیۆیەک بە من بدەن، ئەو کاتە ئاوا بوو، شێخ جەعفەر بەرزنجی ئیمزای لەسەر کردووە ڤیدیۆیەک بە من بدرێ، کە بە پارە و نرخی خۆی پێیان دەفرۆشتین.

**ڕامان:** بەهۆی ئیمزای ئەوەوە، نرخی ئامێرەکان داشکانی بۆ نەکرابوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، لەبەر نرخەکەی نەبوو، لەبەر لایەنی ئەمنی بوو، بۆیە بە هەموو کەسێکیان نەدەدا، دەبووایە بزانن بە کێی دەدەن. ئەم منداڵانە پێشبڕکێیان دەکرد، مانگی جارێک، دوو جار، لە هەموو ڕوویەکەوە پێشبڕکێ دەکرا، دەمکردن بە دوو گرووپ، سێ گرووپ، چوار گرووپ، هەموو ڕۆژەکە خۆیان بۆ ئامادە دەکرد، لەپڕ دەیاندا بە یەکدا، لەم پێشبڕکێیەدا دووگۆڵیشی تێدا بوو، نواندنی تێدا بوو، فیلمیان پێشان دەدرا، فیلمی جوانی کلاسیک، فیلمی باشی پەروەردەیی، ئەو کاتە ئەو جۆرە فیلمانە دەست دەکەوتن، ئەو فیلمەی کە لێرە خەڵک دەچن تەماشای دەکەن، ئێمە هەوڵمان دەدا دەستمان بکەون و پێشانی ئەو منداڵانەیان بدەین.

**ڕامان:** ئەو فیلمانەتان لە کوێ نمایش دەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر لەناو تیپی منداڵانی بێخوددا نمایش دەکران.

**ڕامان:** لەناو بینای تیپی بێخوددا، دیارە دیواری پانوپۆڕی سپی هەبووە؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر لەناو ژوورەکە پەردەیەکمان دەکرد بە سلاید فیلمەکەمان لێ دەدا، هەرچی پەروەردەییە لێرە بەکارمان دەهێنا، هەموومان دەکردن بە هاوڕێی زۆر خۆشەویستی یەکتر، ئاساییە مونافەسە هەبێ، بەڵام دەبێ شەریفانە بێ، دەبێ ئاواتی گەورەتر و (تمووح) هەبێ، تەماح نەبێ، لەو کاتانەدا ئێمە تێبینیمان کرد پەروەردەیەکی زۆر جوان و پێشکەوتووانە هەبوو، ئێستاش دەبینی ئەوانە بوونەتە هاوڕێی یەکدی و کۆ دەبنەوە.

**ڕامان:** لەناو ئەوانەدا چەندیان پێگەیشتن، کە ئێستا ناویان هەبێ و لەگەڵ هونەر بەردەوام بووبن؟

**نامدار قەرەداغی:** ناوی هەندێکیانم هێنا، لە لایەنی مۆسیقاوە هەر ئەوانە بوون کە ناوم هێنان.

**ڕامان:** هەر ئەو چەند کەسە بوون؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوانەی بواری مۆسیقا کەسانی وەک ئالان عارف و نیاز نووری و کارزان قەرەداغی و لاوک لەتیف و جەزای ساز و نەوزاد حاجی و کۆمەڵێکی وان، یان وەکوو (کاروان)ی خوشکەزام هەیە، کە بەداخەوە زۆر ئیش ناکا، کاوەی خوشکەزام، کە دوکتۆر کاوە قەرەداغی، دوکتۆری چاوە و ناسراوە، ئێستاش بۆخۆی خەریکە و مۆسیقا و کەمانچە لێ دەدا، کۆمەڵێک لەوانە هەر بۆخۆیان لە بواری مۆسیقادا بەردەوامن.

**ڕامان:** هەست ناکەی ناوێکت لەبیر چووبێ؟ با دوایی گلەییمان لێ نەکەن.

**نامدار قەرەداغی:** لەوانەی کە ئێستا لە مۆسیقادا ئیش بکەن؟

**ڕامان:** بەڵێ، یان مۆسیقایان گۆڕیبێ بە هونەرێکی دی؟

**نامدار قەرەداغی:** ئێستا نایەتەوە خەیاڵم، ئەگەر هەبوو دوایی پێت دەڵێم.

**ڕامان:** تا ئێستا بەشێکی زۆرمان لە تەوەرەکان گفتوگۆ کرد، لەبارەی زۆر وێستگە دواین، ئێستا هەوڵ دەدەین کۆمەڵێک وێستگەی دی بەسەر بکەینەوە.. ئێوە وەکوو تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، دواتر تیپی مۆسیقای مەولەوی پێوەندیتان لەگەڵ چالاکیی قوتابخانەکان چۆن بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئێمە وەکوو کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، یان تیپی مەولەوی؟

**ڕامان:** بەڵێ، ئێوە هەردوو تیپەکە، یەکە یەکە باسی ئەو پێوەندییەمان بۆ بکە.

**نامدار قەرەداغی:** ڕاستییەکەی پێوەندییەکی کارگێڕیمان پێکەوە نەبووە، ئەوان سەر بە پەروەردە و قوتابخانەکان بوون، ئێمە تیپێکی ئەهلی بووین، لەو ڕووەوە پێوەندیی کارگێڕیمان پێکەوە نەبوو، بەڵام وەکوو هاوڕێیەتی پێوەندیی لە نێوانماندا هەبووە، ئەوانەی لە چالاکیی قوتابخانەکان بوون، ئەوانە لە تیپی مۆسیقای سلێمانی ئەندام بوون، یان سەربەخۆ ئیشیان کردووە، یان لە تیپەکەی ئێمە بوون، خۆم وەک مامۆستای مۆسیقا، یەکێک بووم لە ئەندامانی چالاکیی قوتابخانەکان، لەبەر ئەوە بە لای منەوە ئەو پێوەندییە هەمیشە بەهێز بوو، لە چالاکیی قوتابخانەکاندا بەردەوام بەشداریم کردووە.

**ڕامان:** ئەی بۆچی لە سەرەتاوە هەوڵت نەدا وەکوو مامۆستایەک و هونەرمەندێک پێوەندیی بە ئەوانەوە بکەی و هەر لەگەڵ ئەوان ئیش بکەی؟

**نامدار قەرەداغی:** من خۆم لەوێ ئەندام بووم، هەر لەوێ مامۆستا بووم، لەبەر ئەوە پێوەندیم بەوانەوە هەبووە، لەوێ ئیشم کردووە، ئێمە لە چالاکییەکانی چالاکیی قوتابخانەکاندا، کە ئەوان سازیان بکردبان مۆسیقامان لێ داوە، بۆ نموونە منداڵانی لای من، منداڵانی مامۆستاکانی دی بە ناوی چالاکیی قوتابخانەکانەوە دەچووین میهرەجانمان دەکرد، تێکەڵ بووین، بەڵام وەک لایەنی کارگێڕی، هیچ پێوەندییەکی کارگێڕیمان پێکەوە نەبوو، جگە لەوە خۆم ئەندامێکی چالاکیی قوتابخانەکان بووم.

**ڕامان:** زیاتر لە سەردەمی چ بەڕێوەبەرێک پێوەندیت لەگەڵیان هەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڕێوەبەری ئەو کاتە و تا منیش چوومەتە دەرەوە، هەر م. جەلال عەزیز بوو.